YADNAMA
یادنامە
بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان
بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە
سەرنوسەر و خاوەن ئیمتیاز
سەرکەوتی جیهاز
دەستەی نوسەران
بەختیار شارەزوری
ڕەووف محەمەد ئالانی
ژمارەی ٥٧ی شوبات ٢٠٢٤ بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ No.57.February2024

# زمانی دایک وەک سەرەکیترین شوناشی نەتەوە

## یادنامە

یەکێک لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی پێناسی هەر نەتەوەیەک بریتیە لە زمان دواتر خاک و ئاو و فەرهەنگ ، لەم ڕوانگەیەوە لە ئێستای گلوبالدا زمانە دەوڵەمەندەکان کە زۆرینەیەکی مرۆڤ قسەی پێ دەکەن و فەرهەنگیان بەهێزە دەبێتە زمانێکی گلوبال و جیهانی ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت و ڕادەی هوشیاری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ناوندە ئەکادیمی و بە تایبەتریش فەرهەنگی ، لێرەوە زمانی کوردی وەک یەکێک لە زمانە جیهانیەکان دەکرێت لە ئاست بەرپرسیاریەتی نەتەوەدا ، ئەگەر چی خۆی زمانێکی زیندوە کار بۆ پەرەپێدانی زیاتری بکرێت ، چونکە زمانی کوردی لە ڕوی ڕێزمان و فەرهەنگەوە هێندە بەهێزە بێ ئەوەی کورد دەوڵەتی هەبێت ماوە و بونی هەیە ، هەمو دوژمنەکانی زمانی کوردی بە درێژایی مێژوو هەوڵی سڕینەوەی زمانی کوردیان داوە بەڵام زمانی کوردی بە نەمری ماوەتەوە ، بۆیە زۆر پێویستە هەم حکومەتی هەرێم هەم ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و فەرهەنگییەکان لەسەروی هەمویانەوە ناوەندە ئەکادیمیەکانی تایبەتمەند بە ڕێزمان و فەرهەنگی کوردی تاقیگەی تایبەتیان هەبێت بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی لە ڕوی ڕێزمانی و فەرهەنگییەوە ، وە لە ڕێگەی ناوەندە فەرهەنگییەکانەوە کار بکرێت بۆ ناساندنی زمانی کوردی بەنەتەوەکانی دنیا.

یەکێک لە کێشە گەورەکانی بەردەم زمانی کوردی نەبونی زمانێکی ستانداردی کوردیە کە هەمو دیالەتیکەکانی زمانی کوردی بەدەر لە دیالەکتیکی خۆیان ببێتە سەنتەری زمان بۆ قسەکردن و خوێندن و نوسین و زمانی فەرمی ناوەندەکانی فێرکرد و پەروەردەکردن و خوێندن ، بە تایبەت کرمانجی سەرو کە تا ئێستا ڕێنوسیان لاتینیە ، هەمو ئەمانە بە هۆی داگیرکاری و نەبونی سەربەخۆیی کوردی لە پارچەکانی تر بوە ، لە ئێستادا دەکرێ کۆنفرانسێکی زانستی ئەکادیمی گەورە بگیرێ بتوانێ بڕیار بدات بۆ زمانێک و ڕێنوسێک و ڕێزمانێکی ستانداردی یەکگرتوو وە ببێتە زمانی فەرمی ، ئەگەر چی شێوە زمانی سۆرانی تا ئاستێک بوە بە زمانی فەرمی و نیوە ستانداردێک بەڵام دەکرێ کاری لەسەر بکرێت و ببێتە زمانی ستانداردی کورد بە گشتی.




# نالی (1800-1877)

تەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا،
ئیمتیحانی خۆیە مەقسوودی، لە عەمدەن وا دەکا
یا لە مەیدانی فەساحەتدا بە میسلی شەهسەوار
بێتەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا
کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا
بێتە حوجرەم، پارچە پارچەی موسوەدەم بکرێ بە ڕۆح،
هەرکەسێ کووتاڵ و پارچەی بێبەدەڵ سەودا دەکا
شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی
کەی لە دیقققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا



گۆچان بەدەستەکەی ناو لێزمەی گولە ... ل٢
ڕاستی ڕووداوەکان ... ل١٠
فەیسبوک و زمانی تەشهیر و جنێو ... ل٣
بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان ... ل١٢
شاعیری لەیادکراو دایکی سۆلاڤ ... ل٤
بەسەرکردنەوەی شەهیدان ... ل١٤
سلێمانی لەئەفسانەی نیشتمان پەروەرێکدا ... ل٦
چاخانەی کوردەکان لەشاری بغداد ... ل١٦
سواڵکەرە لاڵەکە ... ل٨
دوو خواردنی کوردەواری ... ل١٧
ئەرک و ماف، لە تەرازووی نارەزایی و بایکۆتکردندا ... ل٩
داهاتی پەشیمانی ... ل١٩
کۆمێدیای پێشکەوتن ... ل٢٠



# گۆچان بەدەستەکەی ناو لێزمەی گولە

علی محەمەد چوارتایی

لەسەر لووتکەیەکی بەرز وەستابوو،بەدووربینەکەی تەمەشای(مۆڵگاکانی دەشتی مەیانانی دەکرد) نەخشەی دادەنا چۆن شەوێک پەلاماری یەکێک لەڕەبایەکانی چواردەوری (ئەو سەربازگەیە بدەن) یەکێک لەخاکی پۆشەکان،برووسکەیەکی بۆهێنا،کەپێدەچوو ئەوخاکی پۆشە لێپرسراوی بێتەلەکەیان بێ،کاغەزەکەی لێوەرگرتوو خوێندیەوە،چوو بۆلای هاوڕێکانی کەلەسەرکانی وئاوێک دانیشتبوون خەریکی چاخواردنەوە بوون( شێخە)بەهاوڕێکانی ووت:دەبێ بگەڕێینەوە بۆگوندی(کوڕەداوێ)پێدەچێ دووژمن هێرش بێنێ بۆمان.

بارەگاکەشمان پێشمەرکەی کەمی لێیە،دەی شتەکان بپێچنەوە.و.بابکەوینەڕێ بۆ(کوڕەداوێ)یەک.یەک وەک دەنکە تەزبیحێکی ئەبلەقی هەزار ڕەنگ بەناو دارگوێزە بەژن سەووز.و.ڕۆح ئاڵتوونیەکاندا،بەناو دۆڵێکی چڕو فێنکدا چوونە خوار.و.شنەیەکی ئێوارنی پایزی لەتەپڵی سەری گمۆە.هەڵیکرد.وخۆیکرد بەناو ڕۆح.وجەستە ماندووەکەیاندا عارەقەی سنگ وبەرۆکیانی ووشکردەوە،هەندێک جار یەک.یەک،دوودەڕۆیشتن ودوایش لەسەر کانیەکی ناو دۆڵە سەووزاویەکە چەند قومە ئاوێکی ساردیان نۆشدەکردو بەهەورازە پشت کۆمەکەی بەرامبەریان هەڵزنان وبەقسەو نووکتەی شیرین گەیشتنە ناو باراگاکەیان،پێش ئەوەی تیشکی خۆر ماڵئاوای لەزەوی ولەجووتیارە ماندووەکان بکات،(شێخە) گەیشتەوە ناوماڵەکەی کەلەناو ئەشکەووتێکدابوو،بەشێک لەماڵە پێشمەرگەکان لەترسی فرۆکەوتۆپبارانی دووژمن چووبوونە ناوئەشکەووت و شوێنە قایمەکانەوە،هەندێک جاریش تۆپبارانی باراگاکان وماڵە پێشمەرگەکان دەکرا،دوای تەواوبوونی گرمەونالەی تۆپەکان منداڵە بزێوو،یاخیەکانی ناو کونە ئەشکەووتەکان دەهاتنە دەرەوە.ویاریان بەپارچەی تۆپەکان دەکرد،زۆر جاریش هێشتا پارچەکان گەرم بوون، پەنجە ناسکەکانی منداڵەکانی دەسووتان.و.بەگریان وژانەوە خۆیان دەکردەوە بەناو ئەشکەووتەکاندا.

(شێخە) بەخێزانەکەی ووت: خێرا نان وچایەکەم بۆئامادە لەگەڵ هاوڕێکانم دەچم بۆ لووتکەی(بازەگیر)هەواڵمان هەیە سپێدەی بەیانی هێرش دەکرێ بۆ سەر گوندەکەمان،ئاگات لەمنداڵەکان بێ سبەینێ شەڕێکی قوورس ڕوودەیا،نەهێڵی منداڵەکان بێنە دەرەوە، شەوێکی تاریک ورێگایەکی پێچاوپێچی هەورازبوو،حەووت تفەنگ لەشان،حەووت جەستەی عارەقاوی ماندوو نەناس بەرەو ئامێزولووتکەی(بازەگیری)سەرکەش سەرکەووتن، ڕێگاکەیان هەورازێکی سەخت بوو،هەریەکەیان کۆڵە پشتێکی قورسیان لەکۆڵ بوو،لەگەڵ چەند گولە(ئارپیجیەک)وکۆمەڵێک فیشەکی زۆر(هەڵۆی) لێپرسراویان لەپێشیانەوە دەڕۆیشت بە(شێخەی) ووت: ژمارەمان کەمە دەبێ زۆر وریابین،دەچینە ناو ڕەوەزە شاخەکەی (بازەگیر) زۆر سەخت وعاسی ودژوارە،ئەوەندەی تاشە بەردی گەورەی تێدایە دووژمن ناتوانی تێکمان بشکێنێ.

بن هەرتاشە بەردێک، سەنگەرێکی قایم وبەهێزە،دووژمن ناتوانێ ئەوشوێنەمان لێ زەوتکا.

(شێخە) ووتی:منیش ئەو شوێنەم بەدڵە،زنارو.ڕەوەزە بەردێکی هەزار بەهەزارە مەگەر هەموومان شەهیدبین،ناهێڵین دووژمن پێکانی بخاتە ناو گوندی(کوڕەداوێ) دوای ماندوو بوونێکێ زۆر گەیشتن بەلووتکەی (بازەگیر) چوونە ناوتاشە بەردوشوێنەعاسیەکانی چیاکە.چەند شوێنکی باشیان هەڵبژارد.و. دوو.دوو. دامەزران وچاوەڕێی هێرشی دووژمن بوون،کزەیەکی ساردی پایزی خۆیکرد بەناو تاشەبەرد.و.سەنگەرە بەردینەکاندا،هەڵۆ سەنگەر نشینەکان خۆیان لەنێوان شوێنێکی زۆر تەنگ وناخۆشدا گرمۆڵەکرد وچاوەکانیان ڕووە.و.شاخەکەی بەرامبەریان بوو،تاریکە شەوی ساردی پایزی ماڵئاوای لەچیاو لەدووندە بەرزەکانکرد،دواتاڵی قژە ڕەشەکانی کۆکردەوە،زەوی وسرووشتی بەخشی بەڕۆژێکی نوێ،تیشکە کزەکانی خۆر،بەباڵای چیاکاندا هەڵزنا،یەکەم تیشکی خۆری بەیانی گەیشت بەسۆماو دیدەی سەنگەر نشینەکانی ناو تاوێر.و.بەردە زلەکانی چیاکە.

هەر حەووت،بەرگ خاکیەکە،دیدەکانیان ڕوو.وە.شاخەکەی بەرامبەریان بوو،لەو شوێنەوە دووژمن هێرشی بۆدەکردن (هەڵۆ)ی لێپرسراویان ووتی:(شێخە) گیان یەکەم هەڵمەت وپەلامار دەبێ لەئێمەوە بێ،تانەگەنە نزیک سەنگەرەکانمان،پەلاماریان نادەین با زۆر نزیک ببنەوە ئەوکات،دۆزەخێکیان بۆ دادەخەین وهەموویان دەسووتێنین.

(شێخە)دووربینەکەی نا بەدیدەکانیەوە تەماشای چیاکەی بەرامبەریانی کرد

(شێخە) ووتی:وەڵا ئەوە سووپاوجاشن بەرەولای ئێمەدێن،دەبێ خۆمان ئامادەکەین بۆزەربەی یەکەم..

هەڵۆ.ووتی:یەکەم دەسترێژ بۆ سنگی دووژمن خۆم دەیکەم تا من تەقەنەکەم کەس تەقە نەکات..

هەر حەووت،سەنگەر نشینکە لەناو چەپەرە بەردینەکاندا خۆیان لەبۆسەنا،هەناسەیان لەخۆیان بڕی وجوڵەی جەستەیان ووشک بوو،سێرەی تفەنگیان ڕووە.و.دووژمن بوو،خودە لەسەرو سەربازەکانی دووژمن بەرەو چیای(بازەگیر) دەهاتن،ئەمانیش لەناو تاشە بەردە زلەکاندا لەبۆسەدابوون،خودە لەسەرەکان گەیشتنە نزیک لوولای تفەنگی سەنگەر نشینەکان(هەڵۆی) لێپسراویان یەکەم دەسڕێژی ئاراستەی تەپڵی سەری چەند خودە لەسەرێک کرد،سێ چوار پۆستاڵ ڕەش تەمەرمەکەیان کەووتنە سەر زەوی،شەڕی دەستی پێکرد.

حەوت تفەنگ وحەووت سەنگەر،
حەوت ڕۆح وجەستەی پۆڵاوئاسن.
لەسەریشەوە ڕەوەیەک جەستەو تفەنگی بێباوەڕ.

لەئاسمانیشەوە(کاروانکوژەکان)گەیشتنە شوێن وسەنگەری(حەووت تفەنگە)گڕاویەکە،هێرش لەداوی هێرش دەکراو دەشکان،تۆپەکان کەووتنە کار،ڕاجیمەکانیش داباریین بەسەر(ڕەوەز نشینەکاندا) لەئاسامانیشەوەسەنگەرەکان ئاگربارانکران،بەڵام لوولای تفەنگەکان نەشکان وبێدەنگ نەکران.

حەوت تفەنگەکە
حەوت سەنگەرەکە
حەوت جەستە شەکەتەکە
حەوت گڕوکڵپەکە
حەوت عاشقە،شەیداکەی ڕۆحی(بازەگیر)ئاگرو کڵپەیەکەی بەهێز بوون

تاکوو ئێوارەیەکی درەنگ سەمایان لەگەڵ مەرگ وگولەی گەرمداکرد..بۆ ساتێک یەک سەنگەر نەگیراو چۆڵنەکرا..

خۆردواتیشکە زەردە بێهێزەکانی پێچایەوە.وماڵئاوای لەگڕو دووکەڵی ئاسمانی بازەگیرکرد.

خودە لەسەرەکانیش شکان.و. بۆ پشتەوەی (بازەگیر) هەڵکشانەوە.

حەووت بەرگ خاکیەکانیش(بەهەڵۆی) زامدارەوە بەرەوناودێ گەڕانەوە(شێخەش) بەهیلاکی وماندوو بوونێکی زۆرەوە گەڕایەوە بۆماڵەوەیان،لەبن زاری ئەشکەووتەکەدا منداڵەکانی وەستابوون،یەکێک لەمنداڵەکانی بەچنگێک پارچەی ئاسنەوە ڕایکرد بۆلای وخۆی خستە ناو باوەشیەوە.

منداڵەکە ووتی:ئاها بابەگیان ئەمڕۆ ئەم ئاسنانە بارین بەسەر ماندا خەریک بوو پارچەیەک بەر(دایە) بکەوێ(شێخە) چەند ماچێکی کوڕەکەی کردوو،خۆی کرد بەناو ئەشکەووتەکەدا.



# فەیسبوک و زمانی تەشهیر و جنێو

تەها عومەر



گومانی تێدانیە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە لەسەرانسەری جیهاندا چ خزمەتێکیان بە مرۆڤ گەیاندووە و چ ئاسانکارییەکیان بۆ ژیان کردووە ؟ بە جۆرێک هەموو کایەکانی ژیانیان گرتووە کەسێک ناتوانێ بێ بەکارهێنانی ئەو داهێنانە گەورەیە کارەکانی جێبەجێ بکات .

بەڵام ئەم داهێنانەش وەک هەموو داهێنانەکانی تری مرۆڤ گەر بەخراپی بەکارهێنرا زیانی زۆرخراپ و ترسناکی لێ ئەکەوێتەوە .

من لێرەدا باس لە یەکێک لەو بەشانەی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان ئەکەم کە لەجیهاندا بە ملیۆنەها بەکارهێنەری هەیە ، ئەویش (فەیسبوک)ە ئەمڕۆ هەموو کەسێک بەئاسانی ئەتوانێت فەیسبوک بۆ خۆی دابنێ و هەموو بابەتە تایبەتەکانی خۆی لە وێنە و ڤیدیۆ و شیعر و نووسین و بەرهەمی خۆی و خەڵکانی تری تێدا دابنێ ، کەی بیەوێ و چۆنی بوێ بەکاریبێنێ .

ئەمڕۆ زۆربنەی خەڵک لە خوێندەوار و نەخوێندەوار، ژن و پیاو ، پیر و گەنج ، منداڵ و گەورە، زانا و نەزان و کۆلکە خوێندەوار رۆشنبیر و مێشک کراوە و عەقڵ تاریک و مێشک داخراو فەیسبوکی هەیە و بەکاری ئەهێنێت .

فەیسبوک جێی هەموو شتێکی تیائەبێتەوە ، هەیە کردوویەتی بە ئەلبومی وێنە یان بەستۆدیۆ و بەریز وێنە و ڤیدیۆی خۆی دائەبەزێنێت ، ئیتر چووە هەر سەیران و باخ و گەشتێک ، یان چێشتخانە و چایخانەیەک ، یان گەشتی بۆ وڵاتێک کرد لە فەیسبوکەکەیدا وێنە بەدوای وێنە دایئەبەزێنێت ، هیچ نابینیت لە وێنە زیاتر، ئیتر ئەوکارە یان بۆ پۆزو خۆهەڵکێشانە، یان بۆ بێزارکردنی خەڵک و هاوڕێکانی و دەوروبەری .

یان نووسین و بابەتی بێتام و لاواز و بێکەڵک، کابرا کۆلکەخوێندەوارە و سەرەواوێک لە مێشکیا نیە کەچی شتیش ئەنووسێ، رەخنە ئەگرێ ، لێکدانەوە بۆ شتەکان و ڕووداوەکان ئەکات. کەچی لایک و کۆمێنت و دەستخۆشی بەسەریدا ئەبارێ .

بینیومە کەسێک تەنیا وێنەیەکی خۆی دابەزاندووە بەسەدان بگرە بەهەزاران لایک و کۆمێنتی بۆ هاتووە، کەچی کەسێکی تر دێت و بابەتێکی جوان و بەسوود ئەنووسێت ئەبینیت کەس هەرناشیخوێنێتەوە مەگەر هاوڕێ زۆرنزیکەکانی، خۆئەگەر کەسە ناحاڵیەکان جنێویشی پێ نەدەن لە سەرئەوەی لنگەوقووچ لەبابەتەکە گەیشتوون باشە .

تۆ هەربۆ تاقیکردنەوە لە فەیسبوکەکەت شتێکی بێتام بنووسە بۆ نموونە :

ڕۆژتان باش هاوڕێیان ئێستا چ خواردنێک خۆشە، یان لەچ شوێنێک بیت خۆشە؟ بزانە سەدان وهەزاران لایک وکۆمێنتت بۆ نایەت کە شتی لەپۆستەکەی خۆت بێتامتر ئەنووسن .

ئەوە پۆست ونووسین و بابەت و وێنە دزینیش لەولاوە بوەستێ، کەسی وا هەیە وێنەیەکی شێوێنراوی کەسێک بەفۆتۆشۆپ ، یان بەشێک لە نووسینێکی یان ڤیدیۆیەکی دێنێت. بەجۆرێک مەبەستەکەی جوان ناگات بەخوێنەر یان بەپێچەوانەوە و بەخراپی ئەگات چونکە بەشێکی وەرگیراوەو قرتێنراوە ، ئیتر مەپرسە چۆن دەمی جنێوفرۆشەکان ئەکاتەوەو بەقسەی ناشیرین ونەشیاوو تەشهیرکردن خاوەن بابەتەکە دائەگرنەوە کە بۆخۆیشی ئاگای لەهیچ نیە، رەنگە ئەو کەسە زۆر لەوەش کە بابەتەکە یان وێنە و ڤیدیۆکەی ئەوی شێواندووە و لەوانەش کە کۆمێنتەناشیرینەکان ئەنووسن رۆشنبیرتر و رێک و پێکترو خاوەن کەسایەتیی بەرزتر بێت، بەس لەبەرئەوەی ڕقیان لێیەتی و لەکەسایەتیی بدەن ئاوای لەگەڵ ئەکەن، چونکە دەروون وعەقڵیان نەخۆشە و حەز بەباشی و ناوبانگی باشی کەس ناکەن ئەو کارە ئەکەن، سەیرلەوەدایە هی وای تیایە لە مەوز و عەکەش حاڵی نەبووە بەس حەزئەکات ڕیزێک جنێو بنووسێت .

جاران کەسانێکی نەفس نزم هەبوون لەسەردیواری ئاودەستی مزگەوتەکان وێنەی نەشیاو و قسەی ناشیرینیان ئەنووسی و مزگەوت و ماڵی خوایان ناشیرین ئەکرد، جاری وابوو یەکێک گەر ڕقی لە کەسێک بوایە لەسەر ئەو دیوارە جۆرەها جنێوو تەشهیری لەسەرئەنووسی، ئیتر دیواری ئاو دەستخانەکانیان کردبوو بە (لوحە اعلانات) و خۆیان تێدا خاڵی ئەکردەوە، کەسانی خزمەتگوزاری مزگەوتەکانیش هەر فریای ئەوە ئەکەوتن جنێوو بوختان و تەشهیرو قسەی ناشیرینی ئەو کەسە دەروون نەخۆشانە بکوژێننەوە

بە داخەوە ئێستا ئەو مرۆڤەنە خۆشانە وازیان لە دیواری ئاودەستخانەی مزگەوتەکان هێناوە و هاتوون لە فەیسبوکدا ئەوجنێوانە ئەدەن و خۆیان خاڵی ئەکەنەوە، چونکە مایەی داخە فەیسبوک جێی هەموو جۆرە کەس ونەفسیاتێکی باش و خراپ و خزمەتگوزارو نەخۆش تیابۆتەوە و سانسۆری لەسەرنیە .

بۆیە ئەبێت هەمووان ئاگاداری خۆمان بین لەو جۆرە کەسانە و بە وریاییەوە فەیسبوک بەکاربێنین .











## ئەمڕۆ ڕۆژی جیهانی زمانی دایکە

٢١ی شوباتی هەموو ساڵێک لەلایەن ڕێکخراوی کلتووریی نەتەوە یەکگرتووەکان "یونسکۆ"وە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک دەستنیشانکراوە، سەرەڕای یادکردنەوەی ئەو ڕۆژەش لە کوردستان، بەڵام تا ئێستا کورد زمانی ستاندار و یەکگرتووی نیە.

مێژووی ئەم ڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی ٢١ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٢، کاتێک پۆلیسی پاکستان بە فەرمانی دەوڵەت تەقەی لە ژمارەیەک خوێندکاری زانکۆی بە ڕەگەز بەنگلادیشی کرد، کە مانگرتنیان بۆ بەکارهێنانی زمانی بەنگالی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی پاکستاندا ڕاگەیاندبوو، لە ئەنجامدا چەندین خوێندکار گیانیان لەدەستدا.

دوای ئەو ڕووداوە و لە ساڵی ١٩٩٩ بە ئامانجی ڕێزگرتن و بەهابەخشین بە زمانەکانی سەرجەم نەتەوەکانی جیهان، ڕێکخراوی کلتووریی نەتەوە یەکگرتووەکان 'یونسکۆ' ڕۆژی ٢١ی شوباتی هەموو ساڵێکی وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایک 'زگماکی' دەستنیشان کرد.

زمان بە پێناسەی هەر گەلێك یا نەتەوەیەك دادەنرێت، لە ڕێگەیەوە شوناس و کلتوور و فەرهەنگی نەتەوەکان دیاری دەکرێت، نەتەوەی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان بە چوار زاراوەی سەرەکی قسە دەکەن کە بریتین لە ("زاراوەی کرمانجی باکور (کرمانجی)": بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بەهدینانی، زاراوەی ڕۆژئاوا، "زاراوەی کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی)": موکریانی، سۆرانی، ئەردەڵانی، سلێمانی و گەرمیانی، "زاراوەی کرمانجی خواروو (لوڕ)": لوری ڕەسەن، بەختیاری، مامەسەنی، کۆهگلۆ، لەک و کەلهوڕ، "زاراوەی گۆران": گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی و زازا).

ئەگەرچی کورد خاوەنی زمانێکی ستانداردی یەکگرتوو نیە، بەڵام سەرەڕای قەدەغەکردن و نکوڵیکردن لە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەندێك بەشی کوردستان، زمانی کوردی کاڵ نەبۆتەوە تا ئەم سەردەمەش پەرەی بەخۆی داوە.

لە باشوری کوردستان دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عێراقی زمانی کوردی وەك زمانی دووەم لە عێراق دان پێدانراوە، بەڵام تا ئێستا لە تورکیا و ئێران سوریا زمانی کوردی دان پیدانەنراوە.




سپی میدیا

# شاعیری لەیادکراو
# دایکی سۆلاڤ
## رەزا شوان



شاعیری کوردمان لە بواری ئەدەبی منداڵانی کورد، خاتوو (سەبریە نوری قادر) کە بە نازناوی ئەدەبی بە (دایکی سۆلاڤ) ناسراوە. لە ساڵی (١٩٢٨) لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، ئاستی خوێندنی قۆناغی قوتابخانەی سەرەتایی تەواو کردووە، هەر لە منداڵییەوە هۆگری خوێندنەوەی شیعر و وێنەکێشان بووە. لە تەمەنی منداڵیدا چەند شیعرێکی سادەی بۆ جوانی بەهار و بۆ شاخەکانی گۆیژە و ئەزمەڕ نووسیوە. دایکی سۆلاڤ لە ساڵی (١٩٩٦) وە، وەکو پەنابەرێکی کورد لە وڵاتی ( سوید) لە شاری (ئۆپسالە) دەژی و پاسپۆرتی سویدی هەیە. دایکی سۆلاڤ شەش کچ و کوڕێکی هەیە، کە هەموویان لە هەندەرانن و زانکۆ و پەیمانگایان تەواو کردووە.

ماڵی (سۆلاڤ) ی کچیشی هەر لە ئۆپسالە یە.

دایکی سۆلاڤ لە ساڵی (١٩٥٦) دا بۆ یەکەمین جار لە رۆژنامەی (ژین) دا بابەتێکی بە ناونیشانی (ئافرەت و ژن و ماڵ) بڵاوکردەوە، کە تێیدا داکۆکی لە سەربەستی ژنان کردووە. لە ساڵی (١٩٥٧) تیشدا، هەر لە رۆژنامەی (ژین) دا، شیعرێکی بۆ لافاوە دڵتەزێنەکەی شاری سلێمانی لەو ساڵەدا بڵاوکردۆتەوە. دوای ئەوە چەند هۆنراوەیەکی تری بۆ منداڵان و چەند بابەتێکی دەربارەی داکۆکیکردن لە ئازادی و لە مافی ژنانی کورد، لە رۆژنامەی (ژین) و لە گۆڤاری (دەنگی مامۆستا) دا، بڵاوکردوونەتەوە.

دایکی سۆلاڤ لەو سەردەمەدا، داوای لە ژنانی کورد کردووە، کە واز لە باڵاپۆشی و رووپۆشی (عەبا و پێچە) بهێنن و، بە جلی رەسەن و جوانی کوردییەوە دەربکەون، دایکی سۆلاڤ، خۆی کرد بە سەرمەشق و بە رێچکەشکێن. وەکو خۆی بۆمی گێڕایەوە لە ساڵی (١٩٥٦) دا، رۆژێکیان لەبەردەم سەرای شاری سلێمانیدا، عەباکەی لە خۆی کردۆتەوە و خستوویەتییە ناو عەلاگەیەکەوە. لەو رۆژەوە بریاری دا کە چیتر عەبا نەپۆشێت، داواشی لە ژنانی کورد کرد کە واز لە (باڵاپۆشی) و (رووپۆشی) بهێنن. چونکە عەبا و پێچە و باڵاپۆشی چاولێکەرییەکی بێگانەیە و دژایەتیکردنی جلی کوردییە. پێویستە بە جلی رەسەن و جوانی کوردییەوە دەربکەون، ئەوەشی وت:" کە لەو رۆژەدا کە عەباکەم لەخۆم کردەوە خەڵکییەکی زۆر ئافەرین و دەستخۆشییان لێمکرد. هەندێ ژنانیش کە چەوساوەی پیاوسالاری بوون، پێیانوابوو، ئەم کارەی من بوێری و چاونەترسی بوو". ئیتر لەو رۆژەوە، دایکی سۆلاڤ لە هەموو شوێنێکدا و لە هەموو بۆنەیەکدا، بە زۆری بە جلوبەرگی جوانی کوردییەوە دەبینرا. (دایکی سۆلاڤ) بێجگە لەم نازناوەی، کە بە ناوی کچی چوارەمییەوە (سۆلاڤ)ەوەیە، چەند شیعر و بابەتێکیشی، بە ناوی خوازراوی (خوشکە کوردێک) وە، بڵاوکردوونەتەوە. تا ئێستا چەند خەڵاتێکیان پێ بەخشیوە. بەڵام شایەنی گەلێ لەو خەڵات و رێزلێنان و بەسەرکردنەوانە زیاترە. تا ئەمڕۆش تاکە شاعیری ژنە، کە لە بواری شیعر نووسین بۆ منداڵانی کورد دانەبڕاوە. لە ئێستادا تەمەنی (٩٦) ساڵە. بەداخەوە کێشەی تەندروستی. وەک شاعیرێکی ناسراوی کورد بەسەرنەکراوەتەوە.

دایکی سۆلاڤ لە بەلجیکا و ئەڵمانیا و سوید، کوڕی خوێندنەوەی شیعری منداڵانی سازکردووە، لە چەند کەناڵێکی ئاسمانی کوردیشدا، دیمانەیان لەگەڵیدا کردوون و شیعری بۆ منداڵان خوێندۆتەوە. لە بارەی ئەزموونی خۆی لە بواری شیعری منداڵان قسەی کردووە. لە ساڵی (٢٠٠٣ - ٢٠٠٤) دا، لە حەوت ژمارەی گۆڤاری (نی ڤۆخ - بەهاری تازە) کە لە (نەرویج) دەردەچوو، شیعری بۆ منداڵان بڵاوکردۆتەوە. چەند شیعرێکیشی بۆ منداڵان لە گۆڤارێکی کوردی، کە لە وڵاتی ( ئوسترالیا) دەردەچوو بڵاوکردوونەتەوە. چوار پارچە شیعریشی بۆ منداڵان لە گۆڤاری (کوردیلەکان) کە لە وڵاتی نەرویج دەردەچوو بڵاوکردوونەتەوە. لە چەند ژمارەیەکی گۆڤاری ( تەوار) یشدا، کە لە سلێمانی دەردەچوو - نازانم ئێستا دەدەچێت یان نا؟، چەند شیعرێکی بۆ منداڵان و چەند بابەتێکی دەربارەی ژنان بڵاوکردوونەتەوە. لە ( چەند کەناڵێکی ئاسمانی تەلەفزیۆنی) کوردیشدا، دیمانەیان لەگەڵەدا کردووە.

(دایکی سۆلاڤ) کەڵەشاعیرێکی ناسراوی بواری ئەدەبی منداڵانی کوردە، یەکەمین ژن بووە، کە لە رێی شیعرەوە، ئاراستە و رێنمایی منداڵانی کوردی کرد و دەکات. شیعرەکانیشی سادە و ئاسانن، بە زمانێکی شیرین و پەتی و رەوان دایانی رشتوون، نزیکن لە ژیانی ساکاری منداڵانی کوردەوە.( سروشتی ئەفسووناوی کوردستان) یش، بوونە بە ئیلهام و بە هەوێنی شیعرەکانی، بۆیە منداڵانی کوردمان چێژێکی زۆر لە شیعرەکانی وەردەگرن و بە ئاسانیش لەبەریان دەکەن و، بەشێکیشیان ئاوازیان بۆ دانراون و بە گۆرانییەوە دەیان ڵێنەوە. لە تەلەفزیۆنەکانی کوردستانیشدا تۆمارکراون. دایکی سۆلاڤ تا ئەمڕۆش،بەردەوامە لە نووسینی شیعر و چیرۆکەشیعر بۆ منداڵان.

دایکی سۆلاڤ، تا ئێستا ئەم کتێبانەی خوارەوەی چاپ کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە:

(*) چەپکێک وەنەوشە - ١٩٨٢ - لە بەغدا چاپکراوە، کۆمەڵە شیعرێکە.

(*) ئاسۆگە - ١٩٨٢ - لە بەغدا چاپکراوە، کۆمەڵە شیعرێکە بۆ منداڵان.

(*) بەهەشتی منداڵان - ١٩٨٣- لە سلێمانی چاپکراوە، کۆمەڵە شیعرێکە بۆ منداڵان.

(*) قاسپەی کەو - ١٩٨٥ - لە سلێمانی چاپکراوە، کۆمەڵەشیعرێکە بۆ منداڵان.

(*) سروودی خۆر - ١٩٨٧ - لە بەغدا چاپکراوە، کۆمەڵەشیعرێکە بۆ منداڵان.

(*) زەنگی ژیان - ١٩٩٨- لە سوید چاپی کردووە، کۆمەڵە شیعریکە بۆ منداڵان.

(*) داپیرە و مام رێوی - ١٩٩٨ - لە سوید چاپکراوە، چیرۆکەشیعرێکە بۆ منداڵان. دایکی سۆلاڤ ئەم چیرۆکە شیعرەی لە هەمان چاپدا، بە پیتی لاتینی کوردی و بە پیتی ئارامی کوردیش نووسیوەتەوە، کە دێرەکان بە هەردوو شێوەکە بەرانبەر بە یەکترین. چیرۆکەکەش چیرۆکێکی ئەندێشەیی فۆلکۆری کوردییە و بە شیعر دووبارە دایڕشتووە.

(*) کۆمەڵێک شیعر و کورتە چیرۆک و ئۆپەرێتیشی ئامادەی چاپکردنن. بەهۆی گرانی چاپکردن و پاڵپشتی نەکردنی دواى خستوون. هیچ لایەنێکیش ئاوڕیان لێنەداوەتەوە.

دایکی سۆلاڤ، دەستی وێنەکێشانیشی هەیە، وەک خۆی باسی کرد، کە (٥٢) وێنەی سەرکردە قارەمانەکانی کورد و ژنە ناودارەکانی کوردی وێنە کێشاوە و لە ئەرشیفی تایبەتی خۆیدا پاراستوونی. بەشێکیش لە شیعرە تازەکانی وەکو کتێب چاپنەکراون. من لە ساڵی (١٩٨٥) لە شاری سلێمانی ئاشنای دایکی سۆلاڤ بووم، ژنێکی زۆر رێزدار و قسەخۆشە. تا دوو سێ ساڵێک پێش ئێستا، زۆر تەلەفۆنم بۆی دەکرد یان ئەو بۆمی دەکرد. لە ساڵی (٢٠١٤) دا، لەژێر ناوی (شاعیری ناوداری منداڵان.. دایکی سۆلاڤ) بە کەمێک درێژتر لەم نووسینم، لەگەڵ چەند نموونەیەک لە شیعرەکانی بۆ منداڵان، لە سایتەکاندا بڵاوم کردە. دەقی ئەو نووسینەم لە سایتی (کوردیپێدیا) دا بڵاوکراوەتەوە بەبێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی من بدەن کە نووسیومە.

بە رەزامەندیی دایکی سۆلاڤ خۆی، چەند شیعرێکیم بۆ منداڵان و بۆ گەورەساڵان، لە سایتەکاندا بڵاوکردەوە. (ئاسکە نەخشینە) نموونەیەکە لە شیعرەکانی دایکی سۆلاڤ بۆ منداڵان:

# نیازی ئەوان لە نیازی پاکی ئێمەوە*

ئەحمەد حەمەساڵح



نیازی ئێمە ئەوەبوو
لە نیشتیمانێکی ئاوەدان و دامەزراودا، نەخشەی ژیان بنەخشێنین
لە نێو شنەباکانی ئازادیدا، بۆ خاک و خەڵک، شکۆداری بچەسپێنین
لە شارو دێ، لەشاخ وگردو دەشتەوە
لە پایز و بەهاری، دارستان و باخ و مێرگەوە
لەگەڵ جریوەی باڵندە وخورەی ئاو و شنەی بادا
سەمفۆنیای ئەوین، بۆ ژیان و بەهاداری نیشتیمان ئامادەکەین
تا بە ئومێدەوە، بژین و نەهێڵین، خۆری ئازادی ئاوابێ
نیازی ئیمە، تێفکرین و داهێنان بوو.... پێشکەوتن وبنیادنان بوو
بەعیشقەوە ڕوانین بوو بۆ ئاسمانێکی پاکی دوورمەودا
نیازی ئەوان
سنوری خاک بۆ ئاودیو و قاچاغی بوو
لە نێو تەلبەندی باخ و ڤێلاو کۆشکەوە
سیاسەت، ڕێگەیەک بوو بۆ بازرگانی بە نەوت و خوێن و خاکەوە
نیشتیمان، باخێک بوو بۆ ورگ و گیرفان و شەهوت بازی
دیموکراتی، بۆ دزینی جوانی و بەهاکان بوو
ماف، جگە لە قومارخانەیەک بۆ خۆیان چیتر نەبوو
ئەوان فیوداڵ ئاسا، مشت ئەستورو پاوانخوازانە هاتن
نەک هەموو نرخ وبەها و پیرۆزیەکانیان، زیندە بەچاڵ کرد
بەڵکو نەزانانەو ناشازانە، هەموو شتێکیان پەلوپۆ کرد
لەبری ئاشتی کۆمەڵایەتی، بازنەکانی تاقمگەراییان فراوانتر کرد
لە هەمووشی ترسناکتر، ماف و ئەرکیان، لە هاوڵاتیبوون داماڵی
تێکۆشانیان لە شاخ و شار، ئەزموونێک بوو
دووبارە ژیانی فیرعەونەکانی تیا نووسرایەوە
ئیتر نیشتیمان بۆ ئێمە، بوو بەو تاریکستانەی
کە هەناسەکانی ژیانی تیا خنکێنرا و پێناسەیەک بۆ خۆشگوزەرانی تیا نەما.

*ئەوان :- شۆڕشگێر و سیاسیەکانی دوێنێ، کە بوونەتە دەسەڵاتدارانی(بازرگان وتاڵانخواز وبەرژەوەندخوازانی) ئیمڕۆ.
ئێمە:- ئەو هاوڵاتیانەن،کە بە بیرکردنەوەیەکی مرۆڤدۆستی و نیشتیمانویستیەوە، لەخەمی پاراستنی بەرژەوەندیە گشتیەکانن.
سەمفۆنیا:- بە هاوبەشی هەموو چینەکانی دەنگ لە (گرۆناسک) لە (ژنان،پیاوان،منداڵان)کارێکی گەورەی مۆسیقایە، کە دەبێتە ناسنامەیەک بۆ ئەو کارەی کە بۆی کراوە.
فیوداڵی، فیوداڵیزم:- سیاسەت وسیستەم وبیرکردنەوەی دەرەبەگایەتی، زاڵخوازییە بەسەر کۆی کایەکانی ژیانی کۆمەڵگادا.





## ئاسکە نەخشینە


ئاسکە بچکۆلەی کێوی
جوان و سرک و بزێوی
شاجوانی ئاژەڵانی
هونەرمەندی کێوانی
بازدان و هەڵگەڕانت
ئەڕازێنن ژیانت
کام لوتکەی چیا سەختە
بۆ هونەری تۆ تەختە
ئەی لەشولار نەخشینە
چاوکەژاڵە زێرینە
لە دەست ڕاوچی و دوژمنان
وەختە بفڕیت بۆ ئاسمان



وێنەی دایکی سۆلاف

# سلێمانی لەئەفسانەی نیشتمان پەروەرێکدا

## سەردار قادر



سالێ پەنجاو حەوت بوو، بەرلەوەی چەمۆڵەی زریان هەناسە فێنکەکانی شنەی با بتاسێنێ، بەرلەوەی گوڵاڵە سورەی دوای نەورۆز چرۆی ئارەزوی بژاکێ ،بەرلەوەی بێچووی کۆتره شینکه لەناو هێلانەی غوربەتا کزهەڵنشیێ، بەرلەوەی قریشکەی هەوره تریشقه کۆرپەی ناوبێشکە لەخەوی شیرین هەستێنێ سلێمانی وەك كاکێشانێکی گەش دەڕژایە سەرشانی تریفەو لەگەڵ گەردی گوڵەئەستێرەی وشەدا ئاوازیان بۆخەندەی گوڵ دەچڕی، بەیانیان گەڵ شنەی بادا وەك گوڵی ئەرخەوان سەمای دەکرد لەو بەرەنگی پەمەییەوە کرنوشیان بۆئەوین وخۆشە ویستی دەبرد هەرئەوساڵە خودا فریشتەیەك دەبەخشێ بەسلێمانی و وەك ئاوێترین گۆرانی کانی بەهێوری بەرەوڕوباروەدەریاچەکان دەخرۆشێ، سەرتاپا سارای ئەم مەڵبەندە پڕدەکات لە ئاوازی گروگاڵ و نیانترلە چەهچەی بولبول وخۆشترلە جریوەی پەرەسێلکە دەرژێتە نێو سەوزترین سترانی شارەوە، شەوێك لەشەوانی دواهەمین وەرزی بەهار جۆزەردان وەك مانگە شەوی شیعر باوەش بۆتریفەی ئەوین دەکاتەوەو بەعەزرەتەوە گوێ ڕادەدێرێ بۆگرۆگاڵی کۆرپەیەك، سروە پێش خەندە وقاقای سەرلێوی خاتوومامان وەك یەکەمین نوقڵانەی پێکەنین مزگێنی دەدابەسەردەمی کازیوەوڕومەتی پڕدەکا لەجێگە ماچی ئەستێرە هەواڵ دەدابەگوێژەو ئەزمەڕو پێیان دەڵێ: مزگێنێ بێ ئەمشەوشارەکەم تەژی بوو لەگۆرانی نەوتراو،پڕبوو لەهیواو ئەوین، پڕبوو لە تریقەو قاقای ژنانی گەڕەگ، ڕێك ئەوساتە وەختە دەبێ، کەگوڵە هێرۆلەبەرتینی خۆراشۆڕشی ڕەنگاڵەیی پێشکەش بەچاوەشینەکانی ئاسمان دەکات، سروە بەئاوێتەی خوناوەوە گوڵ دەخاتە سەما ،پەرەسێلکە بەدڵێکی پرلەخەونەوە هەڵدەفرێ ودەجریونێ بەسەرشکۆفەی باخ وباخچەدا وەك ئەوەی سلێمانی و جۆزەردان چاوەڕوانی لەدایك بوونی شاعیرێك بن وەك ڕوناکی کازیوە خۆی لەشەوەزەنگ ڕاست بکاتەوە ، هەرئەوشەوە وەك یەکەمین شادومانی بچکۆلانەی ژیان منداڵێك وەك خاڵخاڵۆکەیەکی ڕەنگین دەفڕێ وەك یەکەمین سەرچاوەی سۆزوئەوین دێتە ناوباخچەی ژیانەوە ئای کەجوانە شارێ لەناو بیلبلەی چاوا پربێت لە سەمای گوڵەگەزیزەی عەیاروبۆن و بەرامەی خۆی تێکەڵ بەشنەکانی کازیوە دەکات ، من نازانم ئەم شارە بۆلەبونەوە پرپڕە لەسیحری ئەوین،ئەوەتا بەتەمەنێکی کەمەوە خۆی کرد بە پێشەوای گەردون و وەك شۆرەسوارێك بەهێزو هیوای عەشقەوە غاردەدات ئەو پیاوە شاعیرو تێکۆشەره مەردان " بوو هەرلەوساتە وە بۆیەکەمین جاروەك منداڵێکی بزێو پاش ئەوەی دەست دەکا بە ناسینی زمانی دایکی ،دوای بیستنی ئەم زمانە شیرینە بەعەشقە وە هۆگری دەبێ وبەدڵ گوێی لێ دەگرێ و پێی دەدوێ و ئیدی وەك سەرکێشێك کاردانەوەی خۆی دەبێ،ئەوسا وەك منداڵێکی کورد جوانترئاشنای زمانی خۆی و دایکی دەبێ هەربەو زمانە شیرینەش ڕۆژلەدوای ڕۆژ لەگەڵ هاوڕێ و دەوروبەرەکانیدا پێوەندی دەگرێ هەربەوزمانە ش زۆرشەیدایانە یاری وگەمەو کایە دەکاوپێ دەکەنێ وهەست و نەستی ئاوێتەدەکا تەنانەت خەونەکانیشی بەو زمانەوە ڕاڤە دەکاو بەو زمانەش کتێبەکانی چاپ دەکات ئیدی بەوپەڕی متمانەو بڕوابەخۆبوونەوە لەگەڵیدا گەشەدەکاو باڵادەکات ئێستا ئەم پیاوە بووە بەدیرۆکی ژیلەمۆو سەرەتای هەمووخاکەلێوەیەك ختووکەی عەشقمان دەداووەك بەهارێکی ئەبەدی وەك سرودەکەی پیرەمێرد و ئاوازەکەی دیلان نەورۆزباران و گوڵبارانمان دەکات هەموئێوارەی نەورۆزێ وەك نیگای ئاگرێکی گەش بەبیرەوەری مامەیارەداکڵپەدەکا وەك ئەستێرەیەك لەپشت هەورەوە خەونە سپیەکانی دەچنێتەوە مەردان لە توخمی مۆسیقا دەچێ، نەسنوری هەیەو نەزمان نەنەژاد ،زۆرجارلەخۆردەچێ هەندێ جاریش لەتریفە هەندێ جاریش وەك خورەی دەنگی شەپۆل پڕپڕە لەمیلۆدی کەسك مەردان گەردونێکە پڕپڕە لەشنەی باوگۆرانی باران من هەمیشە لە خۆم دەپرسی ئەرێ ئەم شەکرە پیاوە لەچ ڕەگەزێکە واهێندە شێت و شەیدای بڵیسەی ئاگرو گوڵاڵە سورەی سەردەمی خاکەلێوەیە.

ڕەسووڵ هەمزاتۆڤ دەڵێ: "کاتێ لێت دەپرسن تۆ کێی؟ دەتوانی ناسنامەی خۆت پێشان بدەیت. بەلام کاتێ لە گەلێك دەپرسن ئێوە کێن؟ دەتوانن زانا و نووسەر و هونەرمەندەکانیان پێشکەش بکەن".

گەلی کوردیش ئێستە خاوەنی دەیان و سەدان کەسایەتیی بەتوانایە لە بوارە جیاجیاکاندا، کە جێی دەستیان دیارە

مامۆستا (محەمەد مەردان) یەکێکە لە و شاعیرونیشتمان پەروەرودڵسۆزانەی کەهەمیشە بەچاوی خۆشەویستییەوە لە سروشت و ژینگەی شارەکەی خۆی وهەمووکوردوستانی گەورەی ڕوانیوە بەبێ جیاوازی بەدڵێکی گەورەوە خۆی بەخزمەتکاری گەلەکەی زانیوە ئێستاشی لەسەربێ ڕۆژبەڕۆژخۆشەویستی خاك و نیشتمان لەنێو دڵ ودەرونیدا چەکەرە دەکات، لەکاتێدا ئەم خۆشەویستیە لە دڵ و دەروونی هەمووتاکێکی کوردانیە وەك پێویست، بەڵام مەردان مەردانە قۆڵی لێ هەڵدەماڵێ و دێت و بەعەشقێکی کوردانەوە (پیرەمێرد) ئاسا بێ ماندووبوون ژیانی خۆی بۆگەلەکەی تەرخان دەکات قەڵەندەرئاسا لەدوای ڕاپەڕینەوە مەشخەڵەکە لەدەست پیرەمێرد وەردەگرێ هەربەوعەشقەوە بۆماوەی زیاترلەچارەکە سەدەیەك درێژە بە ڕێگاکانی ئەو مرۆڤە نەمرە دەدات جەژنی نەورۆز زیندوودەکاتەوە ناهێڵێت ئاگرەگەی پیرەمێرد کپ بکرێتەوە بۆیە لەگەڵ چەندین هاوڕێی نیشتمان پەروەرداخۆبەخشانە دێنە گۆڕپان.

بەدڵێکی کوردانەوە لەگەروی هەزاران ئازارەوە سەرهەڵدەدەن، لەهەمان کاتیشدا بەسنگێکی فراونەوە لەپێناو ئەوعەشقەدا مەردان بچوکترین تێکۆشانی هاوڕێکانیشی بەکردەوەیەکی شێرانە لەقەڵەم دەدا مەردان بەلایەوەگرنگ نەبوو چەند ماندوودەبێت چەند شەونخونی دەکات بۆیە لەدوای ڕاپەڕینەوەدەست دەکات بەچالاکیەکانی وەك سەردەمە زێرینەکەی بێکەس و دیلان و گۆران وولات پڕدەکات لەسرودی نەورۆزو ئەی ڕەقیب و قریوەی کچان ولاوانی جوامێری شار.

مەردان لە بەهاری ساڵی 1957/ 12/5 دا لە گەرەکی گۆیژەی سلێمانی دا، لە سەوزترین هەواری ڕەنگین وجوانترین مەڵبەندی ئەوین دا لەدایك دەبێت وەك شەتڵی ڕەیحانەو خەونی گوڵە گەزیزەو شنەی شەماڵ دا چاوی دەبڕێتە خۆری بەهارئاگرە گەشەکەی نەورۆز.

سلێمانی ئەگەرچی شارێکی سەرکێشە کەچی بەو تەمەنەکەمەوە خۆی ناساندوە بەهەمووجیهان زۆربەخێرایی خۆی ئامابازی زەینی گەلێ ناودارانی جیهان کردوە.

سلێمانی هەمیشە بە شکۆی بڵندی خۆیەوە سەربەرزبووە، ئەو شارە پێدان گەردن بەرزەی کەهەمیشە پێشەنگ بووەلە لەعەشق و ئازادیدا ئەوەی ڕۆژێك لەڕۆژان بەمەبەستی درێژە پێدان بۆژیان ڕوی لەم شارە خۆشەویستە کردبێ هەرگیزهەستی بەنامۆیی و غەریبی نەکردوە بەردەوام بزەو خەندەکانی خۆی بەسەریاندا ڕژاندوە، هەمیشە بە بۆنی بەفری ئەزمەڕو گۆیژەو پیرەمەگرونەوە دڵیانی فێنك فێنك کردۆتەوە، سلێمانی وەك بنەوانی مێژوو بە هەزاران ساڵ بەرلە ئێستا هەر لە دیرۆکی زەردەشتەوە هەتاپیرەمێرد و بێکەس و گۆران، بە شێنەیی و لەسەرخۆ پەردە لە سەر هەموو ڕاستییەکانی هەڵدەداتەوە.

کارەسات لە دوای کارەسات، ئازارلەدوای ئازار، مەینەتی، ڕۆژڕەشی، باوبۆران، تۆفان و بەند، زستانی سەخڵەت و سەخت، ڕێبەندان و بەفرانبار، ویشوومە، بەڵام سلێمانی هەمیشە وەك سیحری گۆرانیەکانی ئێوارانی سەرچناروو وەك شیعرە ناسکەکانی دڵشاد مەریوانی لەناو بیرەوری عاشقان دا بۆهەتاهەتایە لەبیرناچنەوە.

کەم شاعیر هەیە وەک مەردان بە لاوی شێعرەکانی کرابێتنە بەستەو گۆرانی و لاوانی وڵات بە شۆرو زەوقەوە بیڵێنەوەو ئاوا زوو بچێتە نێو دڵی ئەویندارانەوە، ڕەنگە تەنیا هۆکاریش ئەمەبێ قەڵەمەکەی جوان قسەی دڵی عاشقانی کردبێ،



بۆیە لەگەڵ ژانی لەدایك بوونی یەکەمین کتێبی دا (دابڕانی خۆشەویستی) دەکاتە دیاری گشت عاشقان ئەمەو جگەلەوەی کە مامۆستا مەردان خزمەت بە ئەدەب و فەرهەنگ و فولکلۆری کوردی( بە هەموو لقەکانییەوە) و هەروەها ڕۆشنگەری کردە هەوێنی کارەکانی و بە زمانی نووسین و مۆسیقا گشت هونەرەکانی ترهاتۆتە مەیدانی چالاکی وئێستاشی لەسەربێ بۆساتێکیش ڕانەوەستاوە.

ئەگەرچی بە درێژایی مێژوو شاعیران یان دۆستی دەسەڵات بوون و لە لایەن حاکمان و دەسەڵاتدارانەوە گەورە کراون و خەڵاتیان پێ دراوەو لە پڕدا وەک قارچك هەڵتۆقیون، بەڵام مەردان خۆی ئاوێتەی ئەو فۆرمە نەکردوە تەنیاپێی خۆش بووە وەك کوردێکی ڕەسەن و بەئەمەك بێ پاداشت خزمەتی گەل و نیشتمانەکەی بکات.

ئەم کەسایەتیە ئازیزەی شاری سلێمانی، بەرێز (محەمەد مەردان)، سوپاس بۆ یەزدانی مەزن ئێستایش لەژیاندایە و بێوچان شەو ڕۆژ دەخاتە سەریەك بۆ زیاتر خزمەتکردنی گەل و نەتەوەکەی.

+- کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر : بەرێز محەمەد مەردان ، خاوەنی ( 11 ) کتێبی چاپکراوە، هەندێکیان بەهاوبەشی لەگەڵ نووسەراندا نووسراوە..

1. دابڕانی خۆشەویستی هۆنراوە
2. پەرەنگی یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزی ساڵی ( 2008 ) بەهاوبەشی شەهلا نامیق.
3. نەورۆزنامەی فێستڤاڵی سلێمانی.
4. پیاوێك لە ئەرخەوان ، سەیوانێك لە سلێمانی.
5. پەڕەنگی سەمای ڕەنگ و گۆچانەکانی هونەرمەند شەهلا نامیق.
6. بەرات لەرێرەوی مێژوودا.
7. گوڵە گەنمێك لەسلێمانی خەرمانێك لەداستان و سەروەری.
8. دیوانی غەمناك.
9. سەرگوزشتەی گێرانەوەی خەوەکانی پاشا.
10. فەرهەنگی کەلەپوور، بەهاوبەشی
11. ( 25 ) فۆلکلۆریست.
12. هەروەها ئەم گۆڤارو ڕۆژنامانەشی چاپکردووە:
1. گۆڤاری کەلەپووری کورد - سەرنووسەر.
2. گۆڤاری سەنگەر - جێگری سەرنووسەر.
3. گۆڤاری کوردە میر - دەستەی نووسەران.
4. سلێمانی یادی ( 227 ) ساڵە ئامادەو سەرپەرشتی.
5. سلێمانی یادی ( 228 ) ئامادەو سەرپەرشتی.
6. ساڵنامەی گڕی نەورۆز - سەرنووسەر.
7. ڕۆژنامەی کاڵێ - سەرنووسەر.
8. شەونامەی چلە - سەرنووسەر.
9. ڕۆژنامەی چنارۆك - سەرنووسەر.
10. ڕۆژنامەی شیرین - سەرنووسەر.
11. ڕۆژنامەی کاوەکەی گەرمیان - سەرنووسەر.
12. شەونامەی بەرات - سەرنووسەر.
13. ساڵنامەی سلێمانی - سەرنووسەر

لەکۆتایدا هیوای تەمەندرێژی بۆ ئەم سیمبوولەی شار مامۆستا محەمەد مەردان دەخوازین و هیوامان وایە لەلوتکەدابێت.

## شەهید ئارام
## محەمەد مەردان
## ئارام

( ئارام ) ی
شەوەزەنگی تاریکی
زستان !
( شاسوار ) ی
کاروان ..
هەورازی روونکرد
گوڵاڵە سوورەی
قەدپاڵی
کوێستان
تۆوی ( گوڵ ) ی جوانی
بۆ گشت لایەك برد
1980







# سواڵکەرە لاڵەکە (چیرۆکەکە ڕاستەقینەیە )

## وەرگێڕانی بۆ کوری عمر محمود پیرۆت

لە ماوەی جەنگی ناوخۆی لوبنان لە سالانی
)١٩٧٥ - ١٩٩٠ ( لەسەر هەندێ لە شەقامەکانی بەیروتی پایتەخت ، ڕۆژانە سواڵکەرێک دەهات و دەچوو .
جل وبەرگێکی کۆن و دڕاو لەبەر .
بۆنێکی ناخۆش .
پێخاوس و دەموچاو چڵکن .
سەرو ڕیش کوڵکن و ئاڵۆز .
سەرەڕای هەموو ئەمانە( لاڵ) بوو .
ئەم سوڵکەرە لاڵە ،جگە پاڵتۆیەکی ڕەشی کۆن و دڕاو کە هاوین و زستان لەبەریدا بوو ، هیچی تری نەبوو .
خەڵکی خێریان پێدەکرد و بەزەییان پێدا دەهاتەوە .
هاوکارییان دەکرد . بەڵام ئەو زۆر نەفس بەرز بوو .
یەکێک نانێکی بدایە ، وەریدەگرت .
بەڵام هەرگیز بەستە نانی وەرنەدەگرت .
پیاڵە چایەکی وەردەگرت .
بەڵام بۆ پارە دەستی لەکەس پان نەدەکردەوە .
جگەرەیەکی وەردەگرت .
پاکەتێک جگەرەی ڕەتدەکردەوە .
هەمیشە ڕوخۆش و دەم بەپێکەنین بوو .
لەگەڵ گەورەو بچوک ڕەوشت بەرز بوو .
جگە ( لاڵە ) هیچ ناوێکی نەبوو .
کەس گلەیی و گازندەی لێ نەبوو .
ئاخر کەسی ئازار نەدەدا .
زیانی بۆ کەس نەبوو .
ڕێگەی بەکەس نەدەگرت .
دەستی بۆ ماڵی کەس نەدەبرد .
نوایەکی نەبوو . نەدەچۆ ناو هیچ بیناو خانویەکەوە .
شەوانە زەوی ڕاخەرو ئاسمانیش لێفەی بوو.
شەڕی ناوخۆ بەردەوام بوو .
قسەو باس لەسەر بارودۆخی خەڵکی و پێشڕەوی سوپای ئیسرائیل گەرم بوو .
لە چەندین لاوە سوپای ئیسرائیل هاتە ناو بەیروت .
لەلایەن خەڵکی ئازای بەیروتەوە ڕوبەڕوی بەرگرییەکی سەخت بۆوە .
خەڵکی بەیروت کەوتنە ژێر بوردومانی درندانەی تۆپ و ڕۆکێتەکانی سوپای ئیسرائیل .
ڕۆژانە دەکرانە ئامانجی نیشانشکێنەکان.
ئەم دۆخە چەند مانگێکی خایاند .
بەڵام سواڵکەرە لاڵەکە هیچ گوێی بەوە نەدەدا کە لە دەورو پشتی ڕویدەدا .
ئەو لەجیهانێکی تردا دەژیا .
خەڵکی بەردەوام ئاگاداریان دەکردەوە ، لە مەترسی نزیکبونەوەی سوپای ئیسرائیل لەو شەقام و کۆڵانانەی بەیروتی خۆرئاوا کە ئەو پیایاندا هاتو چۆی دەکردو لێیان دەمایەوەو دەخەوت .
بەڵام سودی نەبوو .
لەگەڵ توندتر بوونی شەڕەکە و گەیشتنی پێشەنگی سوپای ئیسرائیل بۆ بەیروتی خۆرئاوا ، خەڵکی لە سولکەرە لاڵەکە بێهیوا بوون و وازیان لێهێنا .
لەسوچی کۆڵانەکانەوە تەماشایان دەکردو چاودێریان دەکرد ،ئاخۆ چارەنوسی بەچی دەگات و چی لێ بەسەر دێ .

سوپای ئیسرائیل پێشڕەویکرد .
زرێپۆشێکی سەربازی هێزە تایبەتیەکان لە سواڵکەرە لاڵەکە نزیکبۆوە .
سێ ئەفەسەر لەو زرێپۆشە دابەزین .
یەکێکیان بەپلەی ( مقدم ) و دوانیان بەپلەی (نقیب) .
پێنج سەربازیشیان لەگەڵدا بوون .
چەندئۆتۆمۆبیلێکی سەربازی پڕ لە سەربازو چەک و تەقەمەنیش بەدوایانەوە.
ئەفسەرو سەربازەکان کە تفەنگیان لەدەستدا بوو ، بەوریایی و پەنجە لەسەر بەلەپیتکە ، لە سواڵکەرە لاڵەکە نزیک کەوتنەوە .
بارو دۆخەکە زۆر مەترسیدار بوو . کەشێکی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێ ئەو ناوەی داپۆشیبوو .
شوێنەکە پڕ بوو لە تەرم .
بۆنی خوێن و دوکەڵ و بارود هەموو شوێنێکی تەنیبوو .
هەموویان بەهێواشی بەرەو سواڵکەرە لاڵەکە هاتن ،کە لەسەر زەوی زۆر بەئارامی پاڵکەوتبوو . گوێی بەوە نەدەدا کە لەدەورو بەری ڕوودەدا . وەک ئەوەی گوێی بۆ سەمفۆنیای بیتهۆڤن ( چارەنوس لەدەرگا دەدا ) گرتبی .
کاتێک گەیشتنە دووری دوو هەنگاو لێی ، هەستایە سەرپێی . ڕێک ڕاوەستاو سەری بەرز کردەوە . وەک یەکێ بە خۆشییەوە پێشوازی لە مەرگ بکات و ئامادەی مردن بێ .
ئەفسەرەکەی پلەی ( مقدم ) ی بوو ،دەستی بەرزکردەوەوە سڵاوێکی سەربازی بۆ سواڵکەرە لاڵەکە کردو بە زمانی عیبری پێی گوت :
گەورەم جەنابی (کۆلۆنیول) بەناوی سوپای ئیسرائیلەوە سڵاوت لێدەکەم و سوپاست دەکەم بۆ ئەو لەخۆ بوردوییەتان کە خزمەتی ئیسرائیلتان پێکرد . بەبێ ئێوە ئێوە نەمان دەتوانی بێینە ناو بەیروتەوە.
سواڵکەرە لاڵەکە وەک،خۆی وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە بەزردەخەنەو شۆخییەوە بە زمانی عیبری پێیگوتن :
( کەمێک دواکەوتن )
سەرکەوتە سەر زرێپۆشە سەربازیەکە .
زرێپۆشکە کەوتە ڕێ و سێ ئۆتۆمبیلی سەربازیش بەدوایدا .
شوێنەکەیان پڕ لەهەموو جۆرەکانی شۆک و سەرسامی وهەزاران پرسیار جێهێشت .
هەندێک لەو فەلەستینیانەی زمانی عیبرییان دەزانی و لەو شوێنە نزیک بوون .
گوێیان لەهەموو گفتوگۆکان بوو .
وەریانگێڕایە سەرزمانی عەرەبی .
بەڵام نەیانتوانی ڕوخساری خەڵکە شۆک و سەرسامەکەی ئەو گەڕەکانی بەیروت وەربگێڕن و شرۆڤە بکەن کە سواڵکەرە لاڵەکەی هەواڵگری ئیسرائیل تیایاندا ژیا .



# ئەرک و ماف، لە تەرازووی نارەزایی و بایکۆتکردندا



رەوف محەمەد ئالانی

(دەسەڵات مافەکان نادات وناسەلماینێت، بەبێ ئەوەی داوای لێبکرێت و فشاری لێبکەیت، وەک چۆن ئەم کارەی نەکردووە و هەرگیز نایکات - فرێدریک دۆگلاس)

هەموومرۆڤێک کاتێک ئەرکێکی پێدەسپێردرێت لەبەرامبەرئەوئەرکە مافی بۆدیاریدەکریت، بەپێی ئەرکەکە مافەکەشی گۆڕانی بەسەردادێت.

لەم هەرێمی کوردستانەی کەتەمەنی حوکمڕانیەکەی سیودووساڵە، زۆرقۆناغی سەخت وناخۆش وئاستەنگی جۆراوجۆری سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی وئەمنی هاتوونەتە بەردەم حکومەت و خەڵکەکەی، هەندێکیان دەرەکی بوون، کە لەدەرەوەی هەرێم کاریان بۆکراوە، ئەتوانم بڵێم تەڵەوداوی ڕاوچی ئاساییانە کەبکەرەکانی دوژمنانی کورد پێی هەستاوون، ئەنجامەکەشی زیانی گەورەی بۆ خەڵک وسوودەکەشی بۆ بکەرەکان بووە، بەشێکیشیان ناوخۆیی و بەهۆی نەزانی وبێپلانی ودەستوەردان وبەرژەوەندپەرستی کەس و لایەنە دەسەڵاتدارو حیزبە حومڕانەکانەوە کراوەوڕوویانداوە.

شێوازی حوکمڕانی نادادپەروەروقۆرخکاری هەمووجومگەسەرەکیەکانی ژیان وبەکارهێنانی پۆست وپلە بۆ بەرژەوەندی کەسی لەم هەرێمەدا وایکردوە، هیچ تاکێکی ئاسایی هەست بە ئارامی دەروونی خۆی نەکات، بگرە ئەو هەستەی بەرامبەرخاک ونیشتمان هەیان بووە لە پێشوودا بگۆڕێت بۆڕق وبێمەیلی ونەمانی خۆشەویستی وسۆز.

لەدوای ڕاگەیاندنی ئابووری سەربەخۆوفرۆشتنی نەوت وسامانی سرووشتی ئەم هەرێمە وپەیدابوونی داعش وپەلاماردانی ئەوهێزە توندڕەووتیرۆریستە بۆ سەرهەرێمی کوردستان، قەیرانی دارایی سەریهەڵداوخەڵک ماندووکرابەهۆی بێپلانی ونەزانینی حوکمڕانی وئیدارەدان، لەوسەروبەندەدا چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی کەوتنە نارەزایی دەربڕین بەگشتی وتوێژی مامۆستانیان بەتایبەتی خۆپیشاندانیان بردە سەرشەقام وپاشان بایکۆتکردنی هۆڵەکانی خوێندن، چونکە لەبەرامبەرئەرکەکانیان مافەکانیان نەدەدرایەوپێشێلدەکرا.

دوابەدوای ئەوهەمووکارەساتە ڤایرۆسی کۆرۆناش یەخەی جیهان وئەم هەرێمەشی گرت، لەوکات وساتانەدا حکومەت دەستیکرد بەلێبڕین وپاشەکەوتی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم و بارگرانی وژیانی سەخت وکولەمەرگی پێشکەشی خەڵکەکەی خۆیکرد.

لەمسەروبەندەی ئێستاشدا کە بەبڕیاری دادگای پاریس لەسەر سکاڵای حکومەتی ناوەندی فرۆشتنی نەوتی هەرێم بەسەربەخۆو بێڕەزامەندی ناوەند قەدەغە کراوڕاگیرا، حکومەتی هەرێم ناچاربەڕێکەوتن کرا لەگەڵ ناوەند، بەهۆی جێبەجێنەکردنی ڕێکەوتنەکەودەنگنەدان لەسەریاسای بودجە ویەکترتۆمەتبارکردن لەلایەن هەرێم وناوەندەوە، وەک پێویست بڕی داهاتی دیاریکراوی هەرێم نەنێردراوە، لەم کاتەشدا ئەوەی زیانی زۆری بەردەکەوێت خەڵکی هەرێم بەگشتی وموچەخۆرانن بەتایبەتی.

چەندڕۆژیکی کەمی ماوە بۆ دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤ لەئێستاشدا حکومەتی هەرێم مووچەی مانگەکانی ٧و٨ ی دابەشنەکردووە، دەنگۆی بەربڵاوی نارەزایەتی وبایکۆتی دەوامی مامۆستان هەیە کە تاکاتی کردنەوەی دەوام مووچەنەدرێت، ئەوانیش هەڵوێست وەردەگرن.

ئەوەی بۆتە مایەی خەم وبێزاری خەڵک لەم دەسەڵێتەی هەرێم، بێمنەتی ونەخوێندنەوەی ئەوهەموو داواوڕەخنەونارەزایەتیەیە، بەڵام خۆیان ومناڵەکانیان وکۆمپانیاکانیان مێش میوانیان نیە وڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەوڵەمەندتر ئەبن لەسەرحسابی خەڵک، دڵنیام بەمکارانەشیان جامی ڕقی خەڵک زیاترپڕدەکەن ،کەڕژا لافاو خۆیان دەبات، بەوهیوایەم نەگاتە ئەوڕۆژەوبەخۆیاندا بچنەوە.

ستەمکردن لەخەڵک بەگشتی وموووچەخۆران بەتایبەتی دەرخەری نادادی دەسەڵاتی خۆسەپێنە، بۆیە دەڵێم خۆسەپێن لەم هەرێمە هیچ مانایەک بۆ ئازادی ودیمۆکراسی وهەڵبژاردن نەماوەتەوە، چونکەهەمووئەوانە تەنها ووشەن وناچنە ناوخانەوڕەفەکانی خۆیانەوە، ئەم چەندگوتاروناڕێکی وناتەباییەی هێزە دەسەڵاتدارەکان درزوکەلەبەروتەنانەت دەلاقەی گەورەی دروستکردوە، لەبەردەم نەیارانی کورددا، بۆیە ئەوانیش هیچ مافێک بەم هەرێمە بەڕەوانابینن کەپێی بدەن، دڵنیام ئەوانەی جاران دۆستی کوردبوون ئەوانیش پشتیان تێکردووین ولەگەڵمان نین، بەهۆی سیاسەتەهەڵەوپڕخەوشەکانی بنەماڵەدەسەڵاتدارەکانی هەرێم، لە داهاتوودا ئەوانە باشتربۆهەموومان ڕوون دەبنەوە.

لەمسەروبەندەی بێڕێزیکردن بە مووچەخۆران وپێنەدانی مافەکانیان، ناکرێت هەموو کاروکردەوەیەک بەدڵی ئەوان بێت، بۆیە دەکرێ هەڵوێستەیەک بکەین وئەوناهەقی وستەمە بوەستێنین، بەوانەی ئەم هەرێمەیان گەیاند بەمرۆژەڕەشە بڵێین: ئاغاکانی ناودیواخانە کۆشک بلووریەکان، فەرموون ئێوەش کەمێ قوربانی بە سامانەکانتان بدەن وبیدەن بەخەڵک، وەکچۆن خەڵک زیاد لەسێ دەیەیە، بە هەموو جۆرێک قوربانی بۆ ئێوە دەدات، بۆ ئەم داوایەشم ئەزانم مێش میوانتان نیە، ببینن زۆر لەستەمکارەکانی دەوروبەرمان بەرشاڵاوی تووڕەیی خەڵک کەوتن وهیچ فریایان نەکەوت، ووتوویانە هەق ئەسەنرێ ونادرێ، زووئەوانەی ژیرانەترمامەڵەیان لەگەڵ ئەزموونەکان وڕووداوەکانی سەردەمی خۆیان کردبوو، ووتیان دوای سەدامیش خراپترروویئەدات، هەمووما‌ن گەیشتینە ئەوبڕوایە، هەربۆیە ووتارەکەم بە ووتەیەکی (ڕۆبێرت فرۆست) کۆتایی پێدەهێنم  کە دەڵێت: (پێم وایە مافی سروشتی مرۆڤە کە بە شێوازی  ئاسایی خۆی بژی کەئەویش وەک دۆزەخە).

# شیعر لەرۆحم دەردەکەم

ستار ئەحمەد



قەڵەمەکەم دەگرمە خۆم
وشەکانی لەبەرگی نەبەردی دەدرووم
لاپەڕەکان بۆ سڕینەوە جێدەهێڵم
ناونیشانێك لەبەخشندەیی
بابەتێك بۆ سەربەستی
دەدەم لە تەوێڵی دەرگاکەتان
کراوەبێ وەکوو نیگات
بڵند بە شێوەی گردەمەند
بزێو بێت چوون دڵی ئێمە
پیتەکان لەبناری ویژدانا دەنوێنم
خەون بۆ ماچ و
چەك بۆ قەڵەمێك دەشکێنم
بەناخی بەفرا رۆدەچم
شوێنپێت  دەخەمە رستەوە
زوڵفت دەکەم بەفاریزە
هەناسەم بەخوێنم رەنگ دەکەم
تابلۆیەك لەگڵ دەکێشم
ئاشتی ئاڵاو
دەروون پایتەختی جوانی بێت
پێستم لەجەستەم دادەماڵێنم
شیعر لەرۆحم دەردەکەم
جڵەوی وشە بەردەدەم
پەرچەمی ئاو رادەکێشم
بەرەو دورگەی رووناکی و گوڵ
قەڵەمەکەم لەخوێنم وەردەدەم
هەڵوێست دەدەمە ناونیشان
پەنجەکانم بەقژت هەڵدەواسم
بۆ ئەوەی پەیوەستەکان
بمکەن بەتۆ
لەنێو رۆژا
مەمکی ئەستێرەکان بمژم
تۆ بڵێی بەمووژەی خامە
نەخشەی هەناوت بکێشم
ناخی قەڵەمیش بپێوم
یاخود لەجێی وشەو راستی
هەنگاوم بە گوللە دەسپێرن
مین لەژێر پێم دەنێنەوە
دەترسم خاك
لە تابلۆی رەنگا کوێر بێت و
لەم نیشتمانەدا
جێگای من و تۆ نەبێتەوە.




# ڕاستی ڕووداوەکان

١ - مامە ڕیشە .

ئەگەرچی ئاگاداری زۆر بابەتی پڕنهێنی مێژووییم ، ئەگەر نەم نوسیبێتیشن بێشک ئەوا چەندین جار بۆ نەفەوتان و مانەوەی وەک بەلگەی مێژوویی ، بۆ زۆر لە ئازیزانم باسم کردووە .

بەو هیوایەی گەر خۆم نەمتوانی بەیانی بکەم ، دوای خۆم نەیەڵن گوم یان بە درۆ باسبکرێت یان بشێوێنرێت ، بەلامەوە زۆر گرنگە ڕاستیەکان بەخەڵک و مێژوو وەک خۆی بمێنێتەوە .

ساڵ :١٩٨٤

شوێن : سورداش .

بەهۆی گفتوگۆی نێوان ( شۆڕش و ڕژێم ) ی ن ک ، کە گەورەترین لایەنی هەڵگیرسێنەری شۆڕشی نوێ و خاوەنی هێز و پێگەی گرنگ لەناو جەماوەر و ناوچەکەدا .

یەکێتی ناوچەی سورداشی دەستنیشانکرد و هەندێک لەبارەگاکانی لەوێ جێگیرکرد، ئاشکرایە هەڵبژاردنی ئەوێش بێ هۆکار و لەخۆوە نەبوو .

تەنها بارەگای (کاک نەوشیروان) وەک پێشتر لە( کوروان - ئاوەژێ) مابۆوە و لەکاتی پێویستدا سەردانی سورداشیان دەکرد .

ڕەوشی شەڕ لەگەڵ ڕژێم ئاسایی ببۆوە ، ئەگەرچی جار جار تێکهەڵچون ڕوویدەدا ، ئەویش زیاتر قبوڵنەکردنی کورد خۆی (پێشمەرگە و جاش) کە کۆمەڵێک ( بازرگانی شەڕ ) لەناو ڕژێمدا زەرەرمەند بوون و دەیان ویست شەڕ دەستپێبکاتەوە .

نەجمەدین ( مامە ڕیشە).

کەسێکی بەتوانا و کاریگەری زۆری هەبوو لە جەنگی پارتیزانە و مەیدانی لەگەڵ داگیرکەراندا، هەمیشە لەسیرەی ناحەزاندا جێگیرکرابوو ، تا بە کوشتنی کێشە و کارسات دروست ببێت .

چەند کەسێکی کەم لەسەرکردەکانی یەکێتی ، ئاگاداری پیلانێکی زۆر چەپەڵ و دوور لە ئەخلاقی ، هەندێک لە دەزگاکانی بەعس و کەسایەتی دەست ڕۆشتوو ، لە بەرنامەی فەوتاندنی ( شەهیدکردن ) کۆمەڵێک پێشمەرگەی ناودار و کاریگەر ، بەداخەوە کە دواتر چەندانێک بونە قوربانی .

ڕیشەش یەکێک لەو ناوانەی ناو لیستەکەیان بوو .

ماوەیەک لە گەرمیانەوە بە پیلانێکی دروست و نهێنی ، لە سورداش و نزیک مام جەلال جێگیرکرا ، وەک دەستەی تایبەتی سکرتێری گشتی .

مانەوەی زۆری نەبرد ، دووریان لەجەماوەر و سنورەکەی زۆربێتاقەتی کردبوو ، ناحەقیشی نەبوو ڕۆژانە چەندین خەلکی سنوری گەرمیان سەردانیان دەکرد و دواى گەڕانەوەیان لێدەکرد و هۆکاری مانەوەیان دەپرسی .

ئەگەرچی مام جەلال ، بۆ زۆر کوڕ و کۆبونەوەی دەبرد .

بێزاریەکەی سنوری بەزاند و لەگەڵ مام بۆ گەڕانەوەی توشی کێشە هاتن ، سەرئەنجام بۆ نەگەڕانەوەی ،بڕیاری دەستبەسەرکردنی لە گوندی ( کرژە) کۆتایی هات .

لەوێ و لەناو پێشمەرگەکاندا ، کە خاوەن ماڵ و جوڵە و کردار ، تەنها بە مانەوەی لەناو پێشمەرگەکان و گوندەکەدا .

نزیک نیوەڕۆ ، کاک نەوشیروان وتی :

بڕۆ بۆ ماڵی مام جەلال ، لەوێ مامە ڕیشە لەگەڵ خۆت بەرە بۆ (کوروان) ئاوەژێ ، لەوێش بە ( حەمەعلی و شەهاب) بڵێ کە زۆر ئاگاداری بن ، بەتایبەتی شەوان (حەرەسێکی)تایبەتی بۆ دابنێن بۆ پارێزگاریان ، دیارە ئەم وتانە نهێنین .

کە گەشتمە بارەگای مام ، مامە ڕیشە بێ چەک و هەندێک لە پێشمەرگەکانی کەرتەکەی .

پێشتر مامە ڕیشەم دەناسی ، بەتایبەتی لەکاتی شەڕەکانی ١٩٨٣ و دواتر . بەدرێژایی ڕێگا کە لەپێشەوە دانیشتبوو و زۆر بێدەنگ ، وەک ئەوەی لەبیرکردنەوە بۆ هۆکاری ڕەوشەکەیی و گوێزانەوەی بۆ جێگایەکی تر دوور لەوەی ئەو مەبەستیەتی .

لە نێوان( دوکان - بنگرد) و لە سەر شاخی (قەرەسەرد) کە هەردوو دیوی بتوێن و جافایەتی لێدیارە و نزیک پرستگای سەربازانی ڕژێم وەستام .

وتم : سەیرکە مامە ڕیشە ، کە جوان و سەرنجراکێشەرە .

ئەو : نەک وەڵامی نەدامەوە ، هەر ڕوشی تێنەکردم .

وتم : ئەوە بۆ قسە ناکەیت ؟

وتی : من ڕیشە نیم ..... نەجمەدینم !

وتم : خۆ بە ویستی خۆت نییە ناوت وادەرکردوە ، ئەگەرچی ڕیشتشت تاشیوە ، بەلام هەر ڕیشەیت .

( ئەوکات لە کرژە ڕیشی تاشیبوو ( وەک باسیان کرد لە تورەیدا ) .

دوای چەندین جار داواکردنم .

دواجار هات و چەند وێنەیەکمان چرکاند ، بە کامیرای یەکێک لەو برادەرانەی لەگەڵیا .

دوای گەشتنمان بە بارەگ لە کوروان .

پەیامەکەی کاک نەوشیرانم گەیاندە (حەمەعلی و شەهاب ) ئەوان لە من باشترو زووتر ڕیشەیان دەناسی ، بە هەبونی پەیوەندیەکی زۆر بەهێز و خۆش .

ئێمە زیاتر لە سورداش دەماینەوە( ئەوکات) .

ڕیشەش بەهۆی مانەوی لەوێ و سەردانی بەردەوام و ڕۆژانەی گەرمیانیەکان ، دووبارە تەواو بێزار و دەیویست بگەڕێتەوە بۆ سنور و ناوچەکەی .

لەڕاستیدا هاتنی ڕۆژانەی میوانێکی زۆر ، کاریگەری ( خراپی و باشی ) هەبوو .

هەندێک لە خۆشەویستی ڕیشە و هەندێک بەفیتی بەعس دەیانویست ڕیشە بگەڕێتەوە سنورەکە تا بکەوێتە داوی دوژمن و تیابچێت .

لە نهێنی( هێنانی ئەو بۆ سەرکردایەتی و دەستبەسەرکردنی تا زیندانی ) بەئاگام ، بەلام نەدەکرا لای هیچ کەس( بەنزیکەکانیشمەوە ) بیدرکێنم .

دوای ماوەیەک بڕیار درا ( ڕیشە) بگەڕێتەوە، لەبەر ئەوە هاتە سورداش ، تا لەوێوە بڕواتەوە .

ئەویش بە مەرج ..!

بگەڕێتەوە سنورەکەی خۆی ، پێویستە توخنی جادەی قیر و دوژمن نەکەوێتەوە ، کە دەبێتە هۆی کێشە دروستکردن .

قبوڵی کردو بڕیاری جێبەجیکردنی دا .

دوانیوەڕۆیەک لە سورداشەوە بەڕیکەوتین بۆ سنوری سەنگاو .

بڕیار درا من ( مامە ڕیشە و ئەوانی لەگەڵی بوون ) بە سەیارەکەی خۆم و هەردوو سەیارە ( شۆفەرلێتەکەی مام جەلال ) وەک هێزێک بگەیەنینەوە ئەو سنورەی خۆی دەخوازێت .

ڕیشە لە پێشە و برایانی تر لە دواوە .

پێش و پاشی سەیارەکەشمان ، هەردوو شۆفرلێتی پڕ پێشمەرگە .

وەک چۆن بردم بۆ ئاوەژێ ، هەروا بێدەنگ ، بەلام ڕوخساری گەش دەهاتە بەرچاو ، بەهۆی گەڕانەوەی بۆ لای خۆشەویستانی کە ماوەیەک دوور لێیان .

لە تاسلوجە و ناو جاشەکان دەرچوین ، ئەوان لەوبڕوایەدا نەبوون کە ڕیشە لەگەڵ هێزەکەیە چونکە ڕۆژانە ئەوە ڕیگامان بوو .

بەردەوام ... تا نزیک چەمچەماڵ بوینەوە .
پێش چەمچەماڵ وتی :
بە قوربانت بم مەچۆرە ناوشارەوە ..!
گەر بمبینن و بمناسنەوە ئەوا تەقەم لێدەکەن و شەڕ دروست دەبێت ، ئەوەش نەگبەتییەکەممە و ئەوکات( مام جەلال ) دەڵێت ، ڕیشە نەگەشتەوە سنورەکەی ، فەرتەنەی نایەوە و نازانی خەتای من نییە .
وتم : من شارەزا نییم چی بکەم و چۆن بڕۆم ؟
وتی : خۆت بکە بەم ڕێگا گڵەدا( کە بەدەست ئاراستەکەی نیشان دام ) کە نزیک مۆڵگایەکی سەربازی بوو .
بە قسەیەم کرد .
دۆڵاو دۆڵ و گرد و تەپۆڵکە پێش سەیارەکان کەوتم ، ئەگەرچی هەندێک شوێن ڕێگای تراکتۆر دیارە ، بەڵام هەندێ جیگا هەر لە ریگا نەدەچوو ، وەک بڵێت ڕێگای مالات بوو .
لە یەکێک لە دۆڵە تەسک و سەختەکاندا ، پشتی سەیارەکە ( دەعامیەکەی) زۆر خراپ لە ڕێگاکەی داو و بە ئاسانی هەستمان پێدەکرد و تواناى لێخورینی کەمکردەوە ، تا بە سەختی لێ دەرچوین .
بەتوڕەییەوە وتم :
ڕیشە وادەزانی تراکتۆرم پێیە ، ئەمە کەی ڕێگایە ، گوێت لێیە پشتی سەیارەکە چۆن دەنگی دێت و داغان بوو .
باوەشی پیاکردم و وتی :
قوربانت بم ، ڕزگارم بکە با توشی کێشە نەبم ، دەنا( مام جەلال) لێم خۆشنابێت ، بڕیارم داوە بێکێشە بگەڕێمەوە سنورەکە .
زۆر بە حەماسەوە وتی :
وەعدت دەدەمێ گەر شەڕ بۆوە ، جوانترین سەیارە دەگرم و بۆت دەنێرم .
وتەکانی و پەرۆشی بێ کێشە گەشتن ، تەواو شەرمەزاری کردم و پەشیمان بوومەوە .
خۆشبەختانە بۆم هات و وتم :
گاڵتە ئەکەم ، سەیارەکە قوربانت بێت .
کۆمەڵێ دۆڵ و گردمان بڕی تا گەشتینە سەر ڕێگای ( چەمچەماڵ - سەنگاو) .
بێخەم بووین لە گەشتن بە شوێنی مەبەست کە نەمدەزانی کوێیە ، بەڵام دیارە نابێت دوور بێت ، چونکە پێویست بوو بگەڕێینەوە سورداش .
چەمچەماڵ کەوتە پشتمانەوە ، چەند بەرزی و نزمیەکمان بەڕێکرد .
لە یەکێک لە بەرزایەکانی بەرامبەرماندا دوو چەکدارمان بینی کە زۆر بەئاسانی لەیەکەوە دیار بووین .
ڕیشە وتی :
با بوەستین تا بزانیین ئەوانە کێێن ، نەوەک جاش بن و لە بۆسەدا بن .
هەرسێ سەیارەکە دابەزین و لەهەردوو لای ریگاکە سەنگەرگیرا بۆ شەڕ .
لەناکاو تەکسیەک لە چەمچەماڵەوە هات و کەوتە ناو هێزەکەمانەوە .
هەرچی لە تەکسیەکەدا بوو ، بەپەلە دابەزین و پەلاماری (ڕیشە)یان دا ، ماچیان دەکرد و زۆر دڵخۆش بوون .
ڕیشە وتی :
جارێ بڕۆن بزانن ئەوانە کێێن ؟
دوو چەکدارەکەش ئەمبەرو ئەوبەری ڕێگاکەیان گرت ، وەک ئامادەکاری بۆ شەڕ .
تەکسیەکە ڕۆشتن و گەشتە لای ئەوان و زۆری نەبرد ڕیشە وتی :
با بڕۆیین ئەوانە جاش نین .
لەڕاستیدا من هیچ تێنەگەشتم ، بەڕێگاوە پرسیم چۆن پێشمەرگەن و جاش نیین ؟
ڕیشە وتی :
نهێنیمان زۆرە لەگەڵ دۆستان .
گەر جاش بونایە ، ئەوا زۆرترین کات ( شۆفێرەکە ) پێ لەسەر( ئستۆپ) دادەنا ، گەر پێشمەرگە و بەرگری و دۆست بن ئەوا چەندین جار ئستۆپ دەگرێت و بەردەوام دەبن تا نیشانی بدەن دۆستن ( لەهەردوکاتەکەدا گڵۆپەکان دەبنە نیشانە ) .
ئەمەش ڕێگایەکی زیرەکانەی تاکتیکی شەری پاریزانی ، کە زوربەی سنورەکە دوژمن بوون .
بەدڵخۆشیەوە بەڕێ کەوتین ، بەس ئەوەندەمان خۆش بوو تا نزیکیان بوینەوە ، لەهەردوو لای ڕێگاکەوە بوو بە تەقە ، دوو (مەخزەنەی ٧٥) ڕووڵە ئاسمان ، وەک تەقەی خۆشی
هێشتا نەوەستابووم ، ڕیشە خۆی فڕێدایە خوار و هاوار و تکای کە تەقە نەکەن .

ئەوان خامۆش و بەدڵی پڕ خۆشیەوە ، کەوتنە ماچکردنی هەموان نەک بەتەنها ڕێشە
ڕیشە وتی :
ئەی هاوار بۆ وادەکەن بۆ توشی کێشەم دەکەن ، خێرا سەرکەون با بڕۆیین .
بەخێرایی ئەوێمان جێهێشت و دواى ماوەیەک ، فەرمانی پێکردم بە لاڕێگایەکی ڕاستی خۆڵید لابدەم کە زۆری نەبرد گەشتینە گوندێک .
بە دەرکەوتنی ڕێشە ، هاوار و هەلهەلە و شادی خەڵکی گوند ئاسمانی پڕکرد ، گەورە و بچوک و ژن و منداڵ لێمانکۆبونەوە .
بۆ پێشوازیمان هەر یەکەیان داوای دەکرد ئێوارە میوانی ببین ، بەڕاستی ئەوە دووەم جارم بوو بەدیداری ئەو خەڵکە بەوەفاو شورشگێڕ و دڵسۆزەی گەرمیان بگەم ، کە رۆحیان لەگەڵ شۆڕش و پێشمەرگەدا یەک بوو .
دواى ماوەیەکی کەم ، بڕیار درا وەک چۆن بەرنامەی بۆ دنرا وە بەڕیکەوینەوە بۆ بارەگاکانی خۆمان .
ئەم جارە بەڕیگای چەمچەماڵدا ، دنیا تاریکی کرد کە گەشتینەوە ، هەواڵی بەسەلامەتی گەیاندنەوەی ڕیشەمان گەیاند .
بەداخەوە ئەوە دوا دیداری ئەو قارەمانە کەم وێنەیە، کە بە هەواڵی شەهید بونی دڵی دڵسۆزانی کوردی ڕاچلەکاند و هەموانی غەمبارکرد و بوە سمبولی بەرگری و ئازایەتی گەلێکی ستەمدیدەی دەوروەدراو بە چەندین دوژمنی ناوخۆ و دەرەوە ، کە چاویان بە ئازادی کوردا هەڵنەدەهات .
تێبینیەکی گرنگ :
چەندین بابەت و ڕووداوی گرنگی مێژویی هەن ، کە هەندێکیان ڕاستیەکانیان شێوێنراوە ، ئەوەش لەلایەن کەسانێک کە چەندین مەرامی بەدرەوشتی و ناشرینی لەپشتەوەیە و دەیانەوێت مێژوو بشێوێنن یان بەدرۆکانیان وتەی هەندێک بەڕاست نیشان بدەن ،کە لە هەموویان زیاتر پڕ درۆ و بوختان و شێواندنی مێژووە .
ماوەیەکە چەندین درۆزن و ویژدان فرۆش ، بە بڵاوکردنەوەی نوسینی وتار و کتێب یان چاوپێکەوتن ، بێ شەرمانە مێژووی ڕاستەقینەی تێکۆشانی گەلێک دەشێوێنن و ناشرینی دەکەن .
دواجار بەڵگەکان و شاهیدەکان ڕسوایان دەکەن .


نەورۆز زرگوێزی



# بەسەرکردنەوەی هونەرمەندان
## عومەر رەسوڵ




- 1957 لە سلێمانی لەدایکبووە.
-1979 یەکەم پیشانگای تایبەتی لە هۆڵی گۆیژە- سلێمانی.
-1981 دووەم پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.
-1989 سێیەم پیشانگای تایبەتی لە دانیشتگای گۆتنبرگ سوید.
-1982 پیشانگەی هونەرمەندانی کورد ئیتاڵیا.
-1983 پیشانگەی حەوت هونەرمەند مۆزەخانەی سلێمانی.
-1984 پیشانگەی هاوبەش لەگەڵ شێوەکاران سامان قادر و عومەر دەروێش لە کەرکوك.
-1985 لەگەڵ هونەرمەند عومەر دەروێش لە قەڵای هەولێر
-1986 یەکەمین فیستیڤاڵی هونەری کوردی هۆڵی میدیا لە هەولێر.
-1986 لەگەڵ هونەرمەند عومەر دەروێش لە سلێمانی.
-1991 پیشانگەی میناتۆر هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.
-1993 پیشانگەی پۆستەر تایبەت بە ڕەوەکە هۆڵی گۆیژە- سلێمانی.
-1993 پیشانگەی پۆستەر تایبەت بە هەڵەبجەی شەهید هۆڵی گۆیژە- سلێمانی.
-1993 پیشانگەی پۆستەر تایبەت بە مین هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.
لە هەمان ساڵیشدا لە ئەڵەمانیا پێشکەش کرا.
-1993 پیشانگەی هەشت هونەرمەند هۆڵی لمۆندە دلارت فەرەنسا.
-1994 مۆزەخانەی noord Brabant نۆرد بەراباند لە شاری دێن بۆش هۆڵەندا.
-1994 چوارەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی شارەوانی ماسلاوس، هەر لەو ساڵەدا لەنێوان چەندەها تابلۆی ترداو لە پێشبڕکێیەکی هونەریدا تابلۆیەکییان هەڵبژاردم و بوو بە کارتی سەری ساڵی شاری ماسلاوس.
-1994 پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی کردەوە لە هۆڵی دانیشتگای گۆتنبرخ لە وڵاتی سوید.
-1995 هاوبەشی پیشانگەی هونەرمەندانی ماسلاوس لە هۆڵی de groene stip/ هۆڵندا.
-1996 هونەرمەندانی ماسلاوس لە de groene stip ماسلاوس.
-1997 پیشانگەی هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند پەیمان عبدولقادر لە گەلەری art leathering شاری ماسلاوس/ هۆڵەندا.
-1998 پیشانگەی هاوبەش لەگەڵ هونەرمەند پەیمان عەبدولقادر لە هۆڵی monsieur paul شاری ماسلاوس/ هۆڵەندا.
-1998 پیشانگەی هاوبەشی هونەرمەندان بەناوی atelierroute لە شاری ماسلاوس/ هۆڵەندا.
-1998 پیشانگەی هاوبەش لە هۆڵی luxor theater کە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی کەم ئەندامان پێشکەش کرا لە شاری فلاردنین/ هۆڵەندا.
-1998 هاوبەشی پیشانگەی هونەرمەندانی بییانە لەگەڵ چینی و ئەفەریقیدا لە هۆڵی stadsgehoorzaal لە شاری فلاردنین/ هۆڵەندا لەم پیشانگەیەدا هونەرمەندی کورد پەیمان عەبدولقادریشمان لەگەڵدا بوو.
-1999 هاوبەشی پیشانگەی هونەرمەندان بەناوی kunstestafette لە شاری ماسلاوس/ هۆڵەندا، 63 هونەرمەند هاوبەشی کردبوو، 3 هونەرمەندی کوردی تیادا بوو، هونەرمەندان/ خالید رەسول پەیمان عەبدولقادر.
-2000 پیشانگەی هاوبەشی هونەرمەندان لە مۆزەخانەی ماسلاوس/ هۆڵەندا.
-2000 پیشانگەی هاوبەشی هونەرمەندانی کورد لە شاری دێن هاخ هونەرمەندان: ئاشتی گەرمیانی، خەلیل کاکەیی، پەیمان عەبدولقادر سوعاد ستار، لە هۆڵی R.S.A بەناوی ئەنفالەوە.
پیشانگەی هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند پەیمان عەبدولقادر لەگەلەری پێلاڤێلا لە شاری فلاردنین/ هۆڵەندا
-2000 هاوبەش لەگەڵ هونەرمەند پەیمان عەبدولقادر لەگەلەری پێرڤێلا لە فلاردنین
-2002 هونەرمەندانی ماسلاوس لە مۆزەخانەی ماسلاوس بەناوی perspectief
-2002 پیشانگەی هاوبەش لە ڤیستیڤاڵی faces لە فنلەندا
-2003 پیشانگەی هاوبەش لە هۆڵی de groene luiken لە فلاردنین
-2005 پیشانگەی lonkunst kado sa لە ماسلاوس
-2006 ڤیستیڤاڵی ئەنفال و هەڵەبجە دووبارە ئەبنەوە لە den hag
-2006 ڤیستیڤاڵی 15 هەمینی بیناڵی لە تۆکیۆ یابان
-2006 شەشەمین پیشانگەی تایبەتیم لە ماسلاوس
-2007 پیشانگەی هاوبەشی هونەرمەندانی ماسلاوس لە هۆڵی de groene stip دخوونە سێپ
-2010 هاوبەشی پیشانگەی ڕۆژی جیهانی پەناهێندە لە هۆڵندا... لەم پیشانگەیەدا هونەرمەند پەیمان عەبدولقادریش بەشدار بوو لەهۆڵی ستادس ڤیکڵ (stads winkel) کرایەوە.






















# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

## ڕووسوورەکانی مێژوو،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان

لەسەر هەر بستە خاکێکی ئەم نیشتیمانە لەخاجدراوە هاوارێکی خنکاو و زامێکی نەبراوەو چیرۆکێکی بەژان و داستانێکی نەمری بە پێوەیەو سروود ئەڵێ.

لەسەر هەر گاشە بەردێک نەوایەک بن هەر چڵە گەنمێ گۆرانیەکی نەمری و شیعرێکی یاخی لەسەر پێ یە و ،بەزامی لا ڕێگەوە کەرویشکەی هەناسەی گەشمردەیە باوەشێنی داوەتە ڕێ و ئارامی دڵیەتی ، شاخ ناخی پڕە لە بۆنی ریحانەو پونگەو گیا قەیتەران و هەلسی سەر سنگی پێشمەرگەو لەسەر خوێنی گەشمردە دەبێتە بۆنی سەنگەرو چیاو بە نیشتیماندا دەچۆڕێت و لەگەڵ هاژەی تاڤگەو سرتەی کانی و لرفەی چەما دەبنە کۆنسێرتی نیشتیمان. ڕێبوارانی ئەو ڕێگەیە ڕێی نەمری ڕێی خەبات ڕیی تینوو هەنگاوی برسی ،ڕێی ڕۆیشتن و مەسافە وەرگرتن و نەگەڕانەوە ،ڕێی مەرگی پیرۆز ناوی زیندووی هەتایی ،ئای لەخاکی نیشتیمان چەند نازدارە خوێنی ئەوێ بۆ خەنەی دارگوێزو بەروو کەوت و بەهێ.....

بەڕەوتی شاخەوە نابڕێردرێ هەنگاوی ماندوو نەبووی خەبات لە پێدەشت و گەرمەسێرا نازانی چۆن ئەکشێ هەنگاوی خێراو پێچاو پێچی پێشمەرگە .بە لا ڕێووە ئەسووتێ چرا ی سەیری پێشمەرگە ،بە دارستانەوە شنەی دێت هەناسەی سواری ڕێ و ڕەوتی پێشمەرگە ،بەنیشتیمانەوە تک تک ئەتکێ خوێنی ئاڵی گەشمردە لەسەر هەموو بستێ قوڵپەی دێ خوێنی پیرۆزی شەهید ،لەسەر ستوونی هەرگولەیەک یاری دەکا رۆحی یاخی شەهید لەگەڵ هەر میلێکی تفەنگا هەناسە سوارو خۆبەخشە ڕۆحی گەشمردە ،بەبناری هەر خۆبەخشینێکەوە بەرەو لوتکە هەنگاوی خێرایە خوێنی شەهید .

یادی دوو برای گەشمردەی ڕێگای تێکۆشان و خەباتی نەپساوەی گەلی کوردو خاکی کوردوستان .

یەکەم نەمر گەشمردە محەمەد عوسمان ڕەسوڵ ناسراو بە شۆڕش.

ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی ئەکات بەڕیزەکانی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستانەوەو زۆر چالاکانە کارەکانی ڕێکخستن ئەنجام دەدات هەتا دەستگیر کردنی لەلایەن ڕێمی بەعس و پیاوەکانی دەوڵەوە و لە ئەمنە سوورەکە زیندان دەبێت نزیک بەساڵێک دوایی بە ئەفسەرێکی دیل ئاڵ و گۆڕی پێ دەکرێت و ساڵی ١٩٨٤ سەنگەر دەگوێزێتەوە بۆ شاخ و دەبێتە پێشمەرگە .

کاکە شۆڕش پێشمەرگەیەکی بە دیسەپلین و قارەمان و تێکۆشەر بووە لەشاخ و نموونەی کارو کرداری جوان و خو ڕەوشتی پێشمەرگانە بووە . ەشداری شەڕەکانی شارباژێرو قەیوان ماوەت و سورداش و قوڵەپوشێن و دەیان داستانی قارەمانانەی کردووە نمونەی دڵسۆزی و خۆڕاگری بووە خۆشەویستی خەڵک و ناو پێشمەرگە بووە. جێگری فەرماندەی کەرت بووە تاوەکو بەرواری١٨/٠٣/١٩٩١ بە بۆردومانی فرۆکە جەنگیەکانی ڕژێم لە گوندی چیمەن گەشمردە ئەبێت هەزار یادی بەخێر درود بۆ گیانی پاکی،

دووەم نەمر گەشمردە ڕێبین عوسمان رەسوڵ ناسراو بە دکتۆر ڕێبین شۆڕش ڕێکەوتی ١٩٧٢/٠١٠١ لەدایک بووە


لە ساڵی ١٩٩٤ پەیوەندی کردووە بەڕیزەکانی پارتی کرێکارانی کوردوستانەوە فەرماندەیەکی تێکۆشەرو بەهەڵوێست بووە ،گریلایەکی قارەمان بووە بەشداری زۆر شەڕی کردووە و چەندین جار بریندار بووە ،تا لەڕێکەوتی ٢٠١٥/٠٧/٢٥ لە حەسەکە ڕۆژئاوای نیشتیمان گەشمردە بووە هەزار یادی پیرۆزو درودو نەمری /ڕزگارەسوور

## ڕووسوورەکانی مێژوو،کڵاوڕۆژنەی نیشتیمان

دوو تێکۆشەری دێرین ،دووقارەماڵی ڕۆژانی سەختی خەبات لەڕاستەوە ١/ نەمر گەشمردە جەمالی عەلی باپیر /یەکێتی/ ٢/ نەمر گەشمردە شێرکۆی شێخ عەلی /حسک / ، ئەو ڕۆژگارەی پەنچەکان یەکتریان ئەشکان ،براکان یەکتریان ئەکوشت ،دوژمن شایی و ئاهەنگی ئەگێڕا، بەڵێ دوو فەرماندەی تێکۆشەر بۆ شەڕێکی بێهودە پێدەشتێکی بەهارییان بەخوێن سوور کرد ،ڕەوانیان شاد یادیان بەخێر/ڕزگارەسوور




## مقەر



خانوویەکی ڕەش هەڵاتوو
پڕ لەبارووت
بیست سی پێشمەرگەی ڕیش هاتوو
یەکێ هەموو گیانی ئاردە
تووکی دەستی هەڵپرووسکاو
نانەوایە
کەوگیر بەدەستێ خەفەرە
دووربیین لەملێ حەرەسە
لەسەربان دوان پیاسە ئەکەن
لەبەردەرگا سێ چوارێکیان
لەگەڵ چەند سەگ یاری ئەکەن
لەژوورەوە
چەند پێشمەرگە دانیشتوون و
یەکێکیان لەشی ئەدۆزێ
یەکێ گوێبیستی هەواڵە
یەکێ بۆ ڕەسم و پۆستەری
سەردیوارەکان ئەڕوانێ
لەسەر پایەی پەنجەرەکەش
دەفتەری پاسەوانیەک دانراوە
سالار دووێنێ شەو شەهید بوو
ئیتر لێرە حەرەس نابێ و
ئەو دەفتەرە جارێکی تر
لەگیرفانی گەرمی نانێ

وێنەکە نەمر کاکە سالار عەلی حەمە بچکۆلە ،ڕەوانی پاکی شاد

..............................

ڕزگارەسوور





# بۆ گیانی پاکی پەپوولەکەی شاربازێرو سیوەیل پوورە خورشە / دایکی نەمر کاکە حەمە سورەبانی / بۆ چلەکەی / مەیتەکێنە

بابێت بە تاقگەی عەتر
گوڵی چەفتەو کراسەکەت
بادەستەو نەزەر بوەستی
پەلکەزێرینە لەبەر پێت
سەرپۆشەکەت بدە بەسەر
هیلالێکی نیوەشەوێکی هەتیودا
باتولەڕێ پر بیت لە تریفەی گیسوت
ئەم بێ ئۆقرەیەت لەچی بوو
بۆسەری غوربەتت هەڵگرد ؟
لەم زەمەنی بێ عەشق و لەت لەت بوونەدا
لەم ڕۆژگارە بێ مروەت و
بێ ئارامی و وێرانەدا
کاتی کۆچ و ویڵ بوون نەبوو
بۆچی ڕۆیشتی؟
ئاخر زوو بوو.
.
بۆ کوێ بڕۆی چاوم لێتە
بەدڵ قسەت لەگەڵ ئەکەم
بەسورکێوی میهرەبانیدا هەڵدەزنیم
تریفەی سەیرت وون ناکەم
دێر دێر دڵت ...
پەرە پەرە بەرائەتت
بەچاوی دڵ ئەخوێنمەوە
ئاخر تۆ تاقستانێک بووی
بۆ جوانی و خۆشەویستی و بوون
پەپوولەیەک ؛
بەمردنیش عەشقی باخ و گوڵ و کانیت
بەجێ نەهێشت
ئێستاش ئەگەر بەرماڵەکەت
بتەکێنن
نزای تەمەنێک ئەوەرێ
خوایە جەرگی کەس نەسووتێ
خوایە ڕۆڵەی هیچ کەس نەمرێ
خوایە بۆ گەورەیی ناوت
ئاوێ بکەیت بەو ئاگرەدا
خوایە ....
خوایە ..........
خوایە.................
نازانم بۆ نزاکانتی قبوڵ نەکرد؟
ئێستاش ئەگەر تەزبیحەکەت ڕاوەشێنم
ئەبێت بەپلوسکی کانی
چۆڕ...چۆڕ میهرو بەرائەتی
لێئەچۆرێت.
زووبوو ڕۆیشتی.
بۆ چۆلەکەی هەیوانەکەت
هەتیوو کردوو

کوکوختی سەر دارتووەکەی
کانی ناودێی سورەبانت
ئاوارەکرد،
.
چاوم لێتە
بۆ کوێ بڕۆی
بەدڵ قسەت لەگەڵ ئەکەم
بەرۆح ئاگاداری ڕێتم
ڕۆژێ تریفەی سیوەیل و
شەوێک چرای داگیرساوی
گەنکێ و بناری سەرسیری
چاوم لێتە
ئاخر تۆ لەهیچ کەس ناچی
قەرتاڵەیەکی لەمیهروو خۆشەویستی،
ئاگات لەدوا هەناسەت بێ
گوڵدانێکە پر لە حەمە
مانگەشەوێکی ڕێی سورکێو ڕادەژەنێت
ئاگاداری تەزبیحەکەی گەردنت بە
با نزاکانت لێ نەڕژێ
چاوت لەگۆچانەکەت بێ
باچیرۆکی پشت و ئەژنۆت لامان باس کات
عەینەکەکەت
بسپێرە بە ئاسمانێکی پر تریفەی
ڕێی مەفرەزەی پشتی گەنکێی کاکە حەمە.
.
لەوەڕازی جارانەوە
هەنگاوی ڕێ هەڵمئەگرێت
بۆ کەناروێ
لەسەرسوچی یەکەم کۆڵان
ڕووخۆش
منداڵێکی ڕۆح سووک
یاری ئەکات
کەئەم بینێ
ڕائەکات بۆ دەرگای حەوشە
هاوار ئەکات ؛
دایە ...دایە ....
کاک رزگار هات.
حەوشەیەکی پر لە میهر
پر باوەش و ڕامووسانی پوورە خوورشەو کاک ڕەحمان و
سەدیق .....ڕەفیق
دەستەخوشکان
دەوریان گرتووم،
حەمەش لەدەرگا وەستاوە
ڕانکوچۆغەیەکی سووربلاو
ڕیشی درێژ
یەک موزەلی و حەفتاوپێنجی

لەسەرشانی
بەخەندەوە
بۆ سەیری هەمووان ئەروانی
دێمەوە لات .
.
دێمەوە لات
بۆ سلەیمانی
لەدەرگایەکی تر ئەدەم
ماڵێک رووناک
پرە لەنووری تریفەی شۆرە ژنێک
سەری سپی
پشتی کۆم بوو
گۆچان بەدەست
بەڵام لەجاران شیرینتر
مانگ لەچاوێدا ئەبینم
دەم و لێوی
تاقگەیەک بۆ ووشەی هەنگوین
دێمەوە لات ...دێمەوە لات
بەخەیاڵم وەکو جاران
لەسەرگەنکێ و لەسەرسیرەوە دێم بۆ لات
دێمەوە لات
لەهەوارزەکەی سورەبان
ڕێگا ئەگرم
لەئاخر لووتکەی سورکێوا
تارمایی بالآت ئەبینم
دێمەوە لات
لەهەر کوێ یەک
بۆنی گەنم و سەرتەنوورو
دۆی ترش بکەم
لێ لا ئەدەم .
دێمەوە لات
لەسەر گەنکێ و لەکەنارو لەسورەبان
بۆنی بامی جێشتەکەت بێ
وچان ئەدەم
دێمەوە لات
بۆنی گیسوت
بۆنی مانگ و تریفەیە
دێمەوە لات
بۆنی چاوت
بۆنی بەفرو چەم و جۆگەو کانیلەیە
...........................................................................
ڕزگارەسوور ٢٠٢١/٠٢/٨

# چاخانەی کوردەکان. لەشاری بغداد

چەند کەسایەتیەکی شاری سلێمان لە شاری بغداد
ئەم وێنەیە لەساڵی 1962 لەشاری بغداد تۆمار کراوە لەشەقامی ڕەشید حەیدەر خانە ، لەچاخانەی سەرچنار کەخاوەنەکەی کاك حسێنی حاجی عارفی مستۆ بووە

چاخانەکەی ناسراو بوو بەچاخانەی کوردایەتی هەموو کەسایەتیە کوردەکان لەوێ کۆ دەبونەوە

کەسانی وێنەکە لەدەستە ڕاستی بینەرەوە

١-جەمال شارباژێری

٢-نەزانراو

٣-نەزانراو

٤-دڵشاد ئەورەحمان بەگی مەسرەف خاڵی دایکم لەو سەردەمە لەرادیۆی ئێزگەی بغداد کاری کردووە بێژەر بووە ، دوای ڕوخانی حکومەتی عبدالکریم قاسم بغداد جێ دەهێڵێت دەبێتەوە بە پێشمەرگەو دەچێتەوە شاخ لەرادیۆی دەنگی کوردستان دەبێت بەبێژەر

٥-حسێن حاجی عارفی مستۆ لەسەر دەغیلەکە دانیشتووە خاوەنی چاخانەو گازینۆی سەر چنار بووە خاڵی ئەندازیار کاك عومەر مەحوی

ئامادەکردن و زانیاری : ئامانجی مامۆستا عومەر






# وێنەیەکی قەڵای شیروانە پێش نۆژەن کردنەوەی 1970


## زانیاریەکی کورت لەسەر قەڵای شیروانە

قەڵایەکی کۆنی مێژووییە، لەسەر تەپۆڵکەیەکی دەستکرد لەسەر ڕووباری سیروان لە شاری کەلار بنیاتنراوە، لەباری مێژووی درووستکردنی قەڵاکەوە زانیاری ورد و ساغکراوە نییە، هەندێک دەڵێن لەلایەن ئەنەوشیروانی ساسانییەوە بنیاتنراوە، هەندێکیش ڕایان وایە حەمە پاشای جاف درووستیکردووە، هەرچەند ناوبراو کۆچەر بووەو لەقەڵادا نەژیاوە، بەڵام لایەنگرانی ئەم ڕایە دەڵێن کۆشکی زستانەی حەمە پاشا بووە، بەڵام گومان لەسەر ئەم ڕایە درووستدەکات بوونی تونێلکی ژێر زەوی بووە لە قەڵاکەوە بۆ سەر ڕووباری سیروان، کە هەندێک دەڵێن ئەوە دەلالەتە لەوەی کە بۆ حاڵەتی شەڕوو گەمارۆدان سوودی لێ وەرگیراوە و ئاوی لێوە هێنراوە بۆ ناو قەڵاکە.

ڕایەکی دیکەش هەیە دەڵێت تەپۆڵکە خۆڵەکە لەلایەن ئەنەوشیروانی ساسانییەوە بنیاتنراوە و کۆشکەکە لەلایەن حەمە پاشاوە درووستکراوە.

بەرای من وەك ئامانجی مامۆستا عومەر وەك خوێنەرێکی بابەتە مێژووییەکان ئەگەر حەمەپاشای جاف دروستی کردبێت بۆ ناوی قەڵای شیروانەیە ناوی قەڵای حەمە پاشا نی یە ئەمە بۆچون. و پرسیاری یەکەمم بۆچونی دووەمم هەموومان. دەزانینن شارستانی کۆن. و دێرینی ساسانی لەزەرایەن دەستی پێکردووە تاوەکو ناوچەی کەلار و خانەقین تەنانەت ئیمبراتۆریەتی شەمێرانیەکان. زۆر بەناوبانگ بوون کەنزیك ئاوی سیروان. بوون بۆیە ئەم دوو ئاحاژەیە سەلماندنی ئەوە دەرئەخات کەئەم قەڵایە لەسەردەمی ئەنەوشیروان بنیات نراوە

دارشتن و بەدوادا چوون : ئامانجی مامۆستا عومەر



# دوو خواردنی کوردەواری

کەشک

زۆر خواردنی کوردەواری کۆن هەیە لەم کات وسەردەمە نەوەکانی ئێستامان ڕەنگبێ هەر ناوەکەیان نەبیستبێ یا نەزانن چییە؟ یا هەر حەزیان لێنەبێ یا هەر نەیخۆن ..... خواردنە کوردەوارییەکانی زستانانی جاران ترخێنە, گەنم و ماش , دانەوێڵە و گەنمەکوتاو پەڵپینە و بامیەی ووشک کراوەو باینجان و کولەکە و لەتکە تەماتەی ووشک کراوە... دەتوانم بلێم بۆیە ئەوکات مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە هەم تەندروستیان باش بوو هەم تەمەن درێژیش چونکە ئەو خواردنانەی دەیانخواردن سروشتی بوون مەوادی کیمیاوی تێدا بەکار نەدەهێنرا بۆیە زۆر جۆر نەخۆشی کە ئێستا پەیدا بووە ئەوکات سەردەمە کەمتر بووە یا نەبووە وەک جەڵدەی دڵ و مێشک و شیرپەنجە ... لەم سەردەمەدا بۆ هۆی جەنگەکان و زۆر جۆری چەکی کوشندە بەکارهێنان ئەو نەخۆشیانە لەزۆربەی شارەکانی عیراق و بەتایبەت لەکوردستانی خۆشمان بەرێژەی بەرچاو زیادی کردووە.

کەشک لە شیرێژ دروستدەکرێ ,شیرێژێکە لێی دەگەرێن تا ئاوەچۆڕ دەکات ئینجا لەلایەن کابانی ماڵەوە خڕ دەکرێ ودەخرێتە سەرسەبەتە یا سەر سینی و لەبەرهەتاو دادەنرێ تا ووشک دەبێتەوە, بێگومان خوێی بەپێی پێویست تێدەکرێ.لەزۆرلەناوچەکانی کوردستان دروست دەکرێ بەتایبەت ناوچەی پشدەر وەک دەگوترێ ناوبانگی چاکترە چونکە هی مەڕو بزنە هەرچەند لەناوچەی شارباژێری سلێمانی لەزۆر لەگوندەکان دروست دەکرێ زیاتر هی مانگایە وەک قەدیمیان گوتویانە کەشکی مەڕو بزن بەتامترە ...زۆرجار جاران و ئێستاش کەشەکە شەو لەئاو دەکرا وبەیانیان بۆ بەرچایی لەگەڵ کەرەو گوێزو دۆشاو خوراوە .

چوینەتی ئامادەکردنی

کەشەکە شەو لەلایەن کابانی ماڵەوە دەکرێتە ئاوو تاکو نەرم دەبێتەوە, جاران بەدەستی دەسوراییەوە لەناو شتێک لەقوڕ دروستکراو وەک گۆزە سوورکرابۆوە , بەلام لە ئێستا دا بەهۆی بونی خەلاطی کارەبایی کارەکە ئاسانتر بووە.

گەنمە کوتاو , گەنمێکە لەئاش تەڕ دەکرێ و توێکڵێکی لێ دەکرێتەوە واتە پاک دەکرێ ئەویش وەک گەنمە کوتاو شلە و زستانان لێ دەنرێ جا هەیە ئیسقان و گۆشتی تێدەکات بۆیە بەتامترە, هەشە بەشێوەی پلاو لێی دەنێ.گەنمە کوتاوەکە شەو دەکرێتە ئاو و بەیانی دەخرێتە سەر ئاگر تاکوڵانی تەواو ئینجا کەشکە سوواوەکەی بەرەبەرە تێکدەرێ تاکو پێکەوە جوان دەکولێن ودادەگیرێ تا کەمێ ساردەبێتەوە دەکرێتە قاپەوە...

دواتر ڕۆنی بۆنخۆش یاکوردی لەگەڵ دۆشاوی ترێ دەخرێتە سەر ئاگرو بەرەبەرە تێک دەدرێ و بەپێی ئارەزوو بەسەر گەنم وکەشکەدا دەکرێ و خواردنێکی تەندروستە وخواردنێکی کوردەواری جاران بووە زستانان.

ترخێنە

ترخێنەش هەر خواردنێکی کۆنی کوردەوارییە زیاتر لەناوچەی سلێمانی بەناوبانگەو زستانان لە کاتی سەرماو سۆڵەوبەفردا خەلکی لەماڵەکانیان لێی دەنێن وجاران لەگەرەکەکان زۆرێک لەماڵەکان پێکەوە لێیان دەناو هەریەکە قاپێک لە ترخێنەکەی خۆی بۆ ماڵە هاوسێکەی دەبرد و ئەوویش قاپێکی لەوەی خۆیان بۆ دەناردنەوە...

ترخێنە لە شێلم بەگەلاکەیەوە ئامادە دەکرێ, سەرەتا گورزەیەک یا ٢ گورزە شێلم بەگەڵاوە دەکرێ بەپێی پێویستی خێزانەکە و جوان دەشۆرێتەوەو پاشان وورد دەکرێ, جاران کوپە هەبوو تێی دەکراو پاش خوێ پیوە کردن و ئاوی ترشی سماق پێداکردنی دەکرایە ناو ئەو کوپەیەوەو سەر دادەپۆشرا بۆ ماوەی ٧ ڕۆژ , ڕۆژانە کابانی ماڵ سەری هەڵدەدایەوەو تێکی هەڵدەشێلا... دوای ئەو چەند ڕۆژە دەبووە تەرەساز و زۆرجار لەحەمامەکانی سلێمانی دوای خۆشتن قاپێکت داوا دەکرد و بەدەم خۆ ووشک کردنەوە وورده وورده دەخورا, هەروەها شێلم بەترش هەبوو دادەنرا.

تەرەسازەکە دواتر دەکریتە سەلک و لەبەر هەتاو یا لەسەر سینی زیاتر جاران لەسەر سەبەتە دادەنرا تا ووشک بونەوەی ....زستان کاتی بەفرو باران و سەرماو سۆلە لەماڵەکان دا لێدەنرا .... ترخێنەکەش هەرشەو دەکرێتە ئاو تا خاوبونەوەی وبەیانی دەخرێتە سەر ئاگر.لە شەووەوە کابانی ماڵ نۆک و فاسۆلیاو قەیسی و هەندێ ماڵ مێوژ گویز و هەر شەو چەوەنەری سوور و سپیییان بۆ دەکوڵاند و هەندێ مالیش گۆشتیان بۆ سەر دەنا تا کوڵانی گۆشتەکە ئینجا ئەوانەی لەسەرەوە باسم کرد هەمووی تێدەکرێ تاکوڵاندنی تەواو , هەندێ خێزان برنجی لەگەڵ لێدەنێن ,بەپێی ئارەزو...لەکوردەواریدا کۆن گوتراوە دەرمانی کۆکە و هەڵامەتە, ئیستا ئەو هەڵامەتە بۆتە کرۆناو چەند جارێک خۆی گۆریوە کەسەرەتا کۆڤید ١٩ بوو.



ئامادە کردن و نوسینی
عوسمان عومە ر
2ی شوباتی 2024



# بەرزو پیرۆزبێ

21ی شوبات ڕۆژی جیهانی زمانی دایک

ڕۆژی جیهانی زمانی دایک بە ئینگلیزی پێی دەگوترێ ( International Mother Language Day) هەموو جیهان لەو ڕۆژەدا بەبۆنەی زمانی دایکەوە ئاهەنگ دەگێرن کە دەکاتە ڕۆژی ٢١ی شوباتی هەموو ساڵێک.

بۆ یەکەم جار ڕێکخراوی یونسکۆ لە ١٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٩ دیاریکرد و دواتر کۆمەڵەی نەتەوە یەککرتووەکان ساڵی ٢٠٠٨ وەک ساڵی نیودەوڵەتی دیاریکرد.

پاراستنی هەمەجۆری زمان

زمان قورسایییەکی ستراتیژی گرنگی هەیە لە ژیانی مرۆڤ دا و بەبنەمای سەرەکی و ناسنامەی گەلانە بۆ تیکەڵاو بون و ناساندنی بەکۆمەڵگاکانی دیکە.ئەوەی لای رژێمە دکتاتۆرو خۆ سەپێنەکان هەولی بۆ دەدرێ لەناوبردنی زمان و کەلتور رۆشنبیری گەلێکە لەباکوری کوردستان کەزمانی کوردییە بەزمانی قەلەباچکە ناوی دەبەن و بەهەموو شێوەیەک قەدەغە دەکرێ لەگەل قڕ کردنی گەلەکەشی و سرینەوەی ئاسەوارە مێژوویییەکانیشی.

بە خەمل و ڕەوشە شیرین و خۆشە زمانی کوردی چ خۆش ئاوازە لەتیف و نازە زمانی کوردی گرینگیی زمانی دایکی لە ڕوانگە و بۆچوونی گەورەپیاوانەوە.

ماندیلا : ئەگەر لەگەڵ کەسێدا بەو زمانەی کە فێری بووە بدوێی قسەکانت دەچێتە مێشکیەوە، بەڵام ئەگەر بە زمانی دایکی بیدوێنی قسەکەت لە ناخی دڵیدا جێگیر دەبێ.

هایدگەر : زمانی دایک بۆ دڵ و دەروون ئیلهام بەخشە ئەوانەی وا بەرەنگاری زمانی دایکی دەبنەوە لە ڕاستیدا لەگەڵ قووڵترین ڕەهەندەکانی هەست و سۆزی ناخی مرۆڤەکاندا بە شەڕ دێن و لە ئاکامیشدا شکست دەخۆن.

سەیدجماڵەدینی ئەسەد ئابادی: هەر نەتەوەیەک زمانی خۆی لەبیر بکات، لەڕاستیدا مێژووی بزر و شکۆ و کەرامەتی تێکشکاوە و بۆ هەتاهەتایە لە بەندی کۆیلایەتی و ئەسارەتدا دمێنێتەوە.

ماموستا موتەهەری: هەر چەشنە شارستانییەت و فەرهەنگێک بیەوێ بە زیندوویی بمێنێتەوە ئەبێ زمانەکەی زیندوو ڕابگرێ، ئەگەر زمانەکەی بفەوتێ ئەوە خۆیشی دەمرێ.


ڕێکخراوی یونسکۆ : کەسێ نەتوانێ بەزمانی دایکی خۆی بخوێنێ و بنووسێت ئەو کەسە بە نەخوێندەوار ئەژمار دەکرێ.


بۆچوونی کۆمەڵناسان: زمانی دایکی لەگەڵ شیری دایک ئاوێتەن

ئامادە کردن و کوردانذن
عوسمان عومەر


ئاوێزان نووری
لەبەردەم سۆپاکە دانیشتوم
بیر لە تۆو
دوواهەمین ڕۆژەکانی ساڵی پار دەکەمەوە
کوپەکەم پڕدەکەم لە ئومێدی گەرم و
بەبزەیەکی عەیارانە لێوەکانم ڕەنگ دەکەم و
لەبەردەم ڕۆژو ساڵێکی نوێدا
وێنەیەکت لەگەڵدا دەگرم
ئیدی داهۆڵی جەنگی پاییز ڕادەگرم و
بەیداخی سپی هەڵدەبڕم
تا لەگەڵ هاتنەخوارەوەی یەکەمین بەفری زستان
بە کڵاوێکی سپی
تاڵە ڕەشەکانی ڕۆژگار بشارمەوەو
بە عەزیێەکی سپی کورتەوە
درێژترین قەسیدە لەسەر بەفر بنوسم
ئێستا کە بیر لەتۆ دەکەمەوە
لەخەونی ئەو شەوانەم دەچێت
کە تەفسیرکردنیان
بەختی باشم بۆ دەهێنێ
ئێستا کە دڵ ئاوەدانە بەتۆ جێیمەهێڵە
مەیکە بە ژورێکی چۆڵ و
هەرکەسێک بانگی لێکرد دەنگباتەوە
ئێستا کە دوو باڵم پێبەخشیت بۆ فڕین
بەرز مەفڕە
نەبادا ئاوازی نیشتنەوەت نەزانم
ئێستا کەقودرەتم لەگۆڕینی شوێنی وەرزەکاندایە
لێم مەبە بە ساڵێکی نەهات
ئێستا کە لە چەشنی ئاو
سوژدەم بە درەختی ئەوینت بردووە
بەردی فەرامۆشیم لێمەگرە نەبا لێلم بکا
ئێستا کەتۆ هەیت
نە لە تووڕەبونی با دەترسم
نە گوێ دەدەم بە خورافاتەکانی هەور
بەری ئاسۆم لێبگرێ
ئێستا کە هەیت
ساڵنامەیەکم بەدیواری ڕوحمەوە هەڵواسیوەو
ڕۆژانەی دیدارەکانی تیا خەت دەدەم
ئێستا کە هاتووی تەژیت کردم لە خۆت
ئەی جوانترین کامڵبونی من


ئەو ژنەی بۆ
هەمووان ژیاو
بۆ پیاوێک مرد
هاژە بەرزنجی
ئەو ژنەی ..
بۆ هەموان ژیاو
بۆ پیاوێک مرد ! وەرە دواپێکی
شەرابی عەشق و
جوانیت پێ بناسێنم ! لەژیانمدا
زۆرم گوێگرت
لە هاوارو حەسرەتی خەڵک !
کەس نەبوو
گوێ لەدادو حەسرەتی من بگرێ !
هەرکات دەمویست
مەراقێک هەڵڕێژم
ئەوان بەخەمێکی خۆیان
ڕازی وشەکانی منیان دەکوشت تۆ
ئەی خەمی
هاوسەفەری ڕۆژەکانم
وەرە پێکەوە
وەک دووکەسی یاساغ
وەک دوو دز
لەکۆشک دەرچین
بەژێر باڵی تریفەکاندا تێپەڕین
لەناو بۆنی عەتری شەونمدا
دەستکەم بەگێڕانەوەی ڕازی دڵم
من لەدواساتەکانی تەمەندام
ئیتر بڕیارمداوە بۆکەس نەژیم !
****


ژیلەمۆ
چەند جوانی بەمشەوە
وەک نەهەنگێ لە
ڕۆخی گوماندا
ڕاکشاوی ڕاکشاوی
وەک پەری وەک
فریشتەی ڕاونراو
لە باغە سێوەکای
بەهەشت چەند
جوانن ،شەوانی
لاساری و تەسلیم
بوون شەوانی
موچڕکەو هەناسە
دووکەڵاویەکانی
ئەوێ،،،،، ئەوێیەک
لە ئاگر ئەوێیەک
لە ژیلەمۆ ژیلەمۆی
هەڵکردو لە کەوێڵی
ڕەشەباو زریاندا
فووووووووووووووو
وووووووو ژیلەمۆ
هەڵیکرد .. پف پف پف
***
محەمەد ڕەنجاو


ئەگەر ئاوی چاوم
بڕژێنمە سەرکاغەزێ
کاغەزیش بکەمە کۆلارە
بەرەڵلای کەمە نێو ئاسمانی
سەر ئەم شارە
(با)یش
لەگشت لایێ ڕووی تێبکات
لاشانێکی هەربۆ لای تۆ خوارە
موحسین ئاوارە

# منداڵی باران



باران... مەلۆتکەکانی خۆی
لەئامێزی زەویدا دەخەمڵێنێ !
باران..
بەعیشقەوە زەوی ماچ دەکا
زەوی لەپاوەشی دایکم دەچێت
منداڵی باران ڕادەژەنێ و
هارو عەجولییەکانی
ژێردەکاتەوەو
دایکم
بەگۆرانیەکانی لەرەهێلەو تۆفاندا
گریانەکانی منداڵی باران
لەسەمفۆنیایەکدا هێور دەکاتەوە .
ئەوکاتانەی...
منداڵی باران کاس دەبێ
بەبۆمبی هەورە بروسکە،
دەنگە نەشازەکان
گڕ دەگرن و دەبنە خۆڵەمێش
بارانیش...
عیشق لە سروشتی مەعشوقدا
چێ دەکا.
***
2024/2/15
سلێمانی



ڕزگار شێخ عەلی
( ڕۆژگار )

# داهاتی پەشیمانی

ئای جاران چەند بە جوانی  چەندە بە نەرم و نیانی
بەتاڵیم لە باوەش گرتبوو
چەند بە جوانی تەماشام سێبەری ئەرخەوانی ئەپۆشی
چەند بە گەرمی سینیەکی پڕ گەنجێتیم لەسەر سەرم ڕاگرتبوو
بە بێسەواد بە نێو خۆما ئەرۆیشتم
هێشتا دەستم بۆ زەڕنەقوتەی هیچ بەختێ نەبردبوو
هێشتا چاوم لە هیچ کیژێکی ڕێی مەکتەب بە رونی دانەگرتبوو
نە لە بەردی قسەیە ڕەق هەڵئەنوتام
نە ترسم لە هیچ جەنگێک بوو
لەسەر پشتی بۆشایی خۆم بێهۆشیم بەرهەم ئەهێنا
لەسەر شانم بێئامانجیم بارکردبوو
نە توشی کێشەی شیعر ئەبووم
نە دەستم بە خوێنی گەرمی هیچ خەیاڵێکم سور ئەبوو
ئاخ نازانم ئەگەر چۆن پرشنگ و گڕی تۆی فرێدایە نێو گیانم
چ سڵاوێکت لێکردم...چین بە چینی تارمایی وەهمت رووخانم
ئەڵێن شەڕ لە بەتاڵی باشترە...کە ئەم دێڕەم لەسەر دەستم نوسییەوە
هەر دە پەنجەکەی سووتانم...چ درۆیەکی گەرم بوو
وا ئێستاکە هەر نازانم من لە کوێی خۆما میوانم
دەرد بە دڵم
هەموو شەوێ بە نای ناهەق هەڵئەکوتمە سەر سەری خۆم
خەزێنەی بەختم ئەشکێنم...سەفتە سەفتە بێدەنگیەکانم دەردێنم
دانە دانە چی هیچ تیایە ئەیژمێرم
کەمێ شەو ئەدەم لە سیمام...دەنگی بەرزم ئەچەمێنم
گۆنای ماندووبوونم ئەرنم...بە تانەی سور سەری ڕابوردوم ئەخورێنم
خۆم لە نێو تۆدا دیل ئەکەم...سەرقاڵیم ڕائەوەشێنم
لە تەختایی سۆزی تۆدا چاڵێکی قوڵ هەڵئەکەنم
لە نێویدا عومریمی تیا ئەڕوێنم
بە وردە چاوەڕوانی تۆ تەماعم پڕ ئەکەمەوە
جرۆی هەستم ئەبزوێنم
هەموو شەوێ تا بەیانی لە نوری گەرمی ڕوخسارت ئەخۆمەوە
هەتا بەرپێت ڕۆحی خۆم شۆڕئەکەمەوە
دەم و لێوی تورەبوونت بە شنەی شیعرێ ئەدوێنم
بە دوو قسەی سارد و سڕت ناچاریم پاک ئەکەمەوە
تاڵ تاڵ تاریکم دادێنم
بۆ جارێتر ڕەشبینیم بانگ ئەکەمەوە
خۆم لە باڵای دەماڵێنم
کەم کەم لە خۆم کۆئەبمەوە...چرای سارای لەکێلگەم دائەگیرسێنم
ڕێگایە پرسیار ڕێژ ئەکەم...لە دەرگای جەنجاڵیم ئەدەم
گەڵای سەوزی شانازیم هەڵئەورێنم
گەمژەییم لە چاوان ئەکەم...بۆ جارانم ئەرۆمەوە
گێژ ئەبم و هەر نازانم ڕەنگی چ وەحشێ ئەنوێنم
نازانم کەی  کۆتایی بەم تەریقەتەی تۆ بهێنم
دێرەکان ئەکوژێنمەوە...مسوەدەکان فرێئەدەم
بە ڕووتی دێمەدەرەوە...گڕ لە خەیاڵم بەرئەدەم
پەرە پەرە دەفتەرەکەم ئەدرێنم
خەونم بە بەرگی خۆیەوە ئەشۆمەوە
هەڵمەت بۆ یەخەی خۆم ئەبەم...هەموو شتێک
لە تاریکی نیوە شەوا ئەخەوێنم
لە نێو خۆما دێمە دەرێ
چەقۆیەکی پەشیمانی ئەنێمە مشت
قەدەرم ئەخەمە سەرپشت
تۆش کەمێ وەرە پێشەوە...بڕوانە بۆم...بزانە چۆن
بە نەفامی خۆم و وەهم و شیعریشم کوشت.



ئازاد مارف

# (عەشق)



تابلۆیەکی ڕەش ڕەش
وەکو قەتران
دڵ دەگوشێت
وێنەی زیندان
تاکە پێڵاوێکی
پاش شاڵاوی ئەنفالی بەجێماو
سەگ و ئەسپ و
کاتژمێری بەهەزاران دۆلارکڕدراو
بەخوێنی لاوانی بەکوشتدراو
بەپارە وداهاتی دزراو
دوو تولە ڕێگای  لەیەکتر تۆراو
دوو دڵی بەعەشق تینوو
یەکێک لەپێناو نیشتمان و
ئەویتر لەبۆدۆلار هەڵقرچاو
شامل ماردین
2023/9/14/کەرکوک



# (کۆمێدیای پێشکەوتن)

## وریا لە گەشتی پێکەنینی گەردوونییدا

ن: د.کامەران محەمەد

جارێک لە (شارۆچکەی وەستانئاباد)ی سەیروسەمەرەدا، (وریا)ی مێردمندالْ ناوی خۆی لە خولی زانستی ئاینیی لەدەرەوەی هەسارەی زەویدا تۆمارکردبوو! کە لەلایەن زانایەکی گەلەئەستێرەیی ڕێزدارەوە وانەکان دەوترانەوە، ئەویش (شێخ دێرین) بوو . نەیدەزانی کە وانە گەردوونییەکانی لە ڕێگەی گەلەئەستێرەی ڕۆشنگەرییەوە بۆ ئۆدیسێیەکی پێکەنیناوی دەگۆڕدرێن .لە ڕۆژێکی تایبەتدا! شێخ دێرین پەرتووکێکی کۆنی لاپەڕە زەردی هەڵدایەوە و لەنێو لاپەڕەکانیدا دوو کاغەزی درێژکۆلەی کۆنی دەرهێنا، کە پێدەچوو نهێنییە نەبینراوەکانی نێوان ئەستێرەکان زیاتر ببینێت، وەک لەو ڕەنگاوڕەنگی و جیهانە ناوازەیەی کە لە گەردوونی سەرنجڕاکێشدا هەبن .بە گەرمی وەک بازرگانێکی بۆشایی ئاسمان، کە تۆزی ئەستێرە دەگمەنەکانی دەفرۆشت، هاوارێکی کرد: "سەیرکە وریا.. هاوڕێ گەردوونییەکانم، ئەمە گوتاری ئیلاهی ئەمڕۆیە، ئەمە ئەو وتارەیە کە پێش بیست و چوارساڵ نووسیومە و لە وتاری هەینیدا خوێندوومەتەوە! بەڵام هێشتا گەردوون پەی بە مرواریییەکانی نەبردووە، بۆیە ئەمڕۆ سەر لەنوێ لە وتاری هەینییدا دەیخوێنمەوە ."با بەخێرایی زەمەن تێبپەڕێنین و بۆ ڕۆژانی زانکۆیی وریا هەنگاو بنێین، لە پۆلەکەیدا (پرۆفیسۆر مودیی) پەرتووکێکی گەورەی بەدەستەوە بوو، کە هێشتا شوێنەواری ئەو سەردەمەی بەسەرەوە مابوو، کە (پەڕ) باشترین پێنووس بوو، لەڕاستیدا ئەو پەرتوکە زۆر بەهاداربوو! چونکە ڕستەکانی یادگاری مامۆستای یەکەمی پرۆفیسۆر مودیی بوو! دواتر تەواوی ڕستەکانی بەو پێنووسە نووسرابوون، کە بۆ نامەنووسیی نێوان گەلەئەستێرەکان بەکاردەهێنرا. هاوکات پەرتوکەکە هاوشێوەی شوێنەوارێکی کۆن بوو، چونکە حیکمەتە کۆکراوەکانی پرۆفیسۆرە دڵخوازەکەی دەرەوەی زەوی تێدابوو. بۆیە ساڵ لەدوای ساڵ بەلایەوە بەهادارتر دەبوو، هاوکات بۆ ئەوەی هیچ فێرخوازێک بێبەش نەبێت لەو گەوهەرانە، دەبوو هەموویان وەک کتێبی پیرۆز لەبەری بکەن! چونکە بەبەری هەموویانی دەکرد! جائەگەر فێرخوازێک بەختی ئەوەی هەبووایە بەسەرکەوتوویی قۆناغێکی تری خوێندنی بۆ باڵاتر ببڕیایە، ئەوا وەک ئەوە وابوو دەرگای بەهەشتی بەسەردا کرابێتەوە، چونکە سەرلەنوێ لەنێو دەریا بێبنەکەی گەوهەرە پیرۆزەکانی پرۆفیسۆردا بە ئارامی مەلەی دەکرد! هەرکەسێکیش گەر شەیتان زەفەری پێبردایە و گوێی بە گەوهەرەکان نەدایە، ئەوا دەرگای دۆزەخی بەڕوودا دەکرایەوە! چونکە پرۆفیسۆر مودیی باوەڕی بە (هێز)ی بڵاوکردنەوەی (زانین) هەبوو، وەک گواستنەوەیەکی هەمیشەیی گەورەترین شانۆی کۆمیدیی گەردوون .ئێستا، ئەم دوو بەسەرهاتە نموونەیەکی بچووکی (شارۆچکەی وەستانئاباد)بوون، کە تێیدا پێشکەوتن و چەقبەستوویی واتایەکیان نەمابوو، چونکە هێشتا درکیان بەوە نەکردبوو، کە زەمەن یەکێکە لەڕەگەزە بنەڕەتییەکانی دروستبوونی مێژوو، ئەمە لەکاتێکدا باشترین کاتژمێری مارکەیان لەدەست دەکرد، بەڵام تەنها ڕۆڵی بازنێکی زێڕی عەیارە بیست و چواری دەگێڕا .جا حەماسەتی گەردوونیی شێخ دێرین و نۆستالژیا ئەکادیمییەکەی پرۆفیسۆر مودیی وەک دووانەیەکی گەردوونی کۆمیدی باڵیان بەسەر زانست و کۆمەڵگە (بێوێنە) کەیاندا کێشابوو .کاتێک وریا بیری لەم کارەکتەرە تایبەتانە دەکردەوە، بۆی دەرکەوت کە پێشکەوتن لە تێگەیشتنی ئەوان لە (ڕابردوو)دا بەدەست دێت و (ئێستا)ش وێستگەی هەنگاونانە بەو ئاڕاستە (دروستە)دا! بۆیە دڵنیا بووەوە لەوەی کە هەر لەسەرەتاوە دوو مامۆستاکەی بە هەڵە کەوتبوونە ناو کایەکانی خۆیانەوە و ڕێگە تاریک و ڕوناکەکانیان تێکەڵ کردبوو .لە (شارۆچکەی وەستانئاباد)دا کە میلی کات بە پێچەوانەی ئاراستەی میلی کاتژمێرەوە دەجوڵا، شێخ دێرین و پرۆفیسۆر مودیی لە گەشتە هاوتەریبەکانیان بەردەوام بوون، بێ ئاگا لەوەی کە ئەوان لەناو قۆزاخەیەکی کۆمیدیای گەردوونیدا بەوەستاویی ماونەتەوە !بەم شێوەیە، (شارۆچکەی وەستانئاباد) لەناو پێکەنینەکانی گەردووندا بەهەڵواسراوی مابووەوە، ئەوە قۆناغێکی نامۆ بوو، کە کۆمیدیای پێشکەوتنی تێدا ئاشکرا دەبوو، کەسایەتییەکانیش بە ئاوازێک سەمایان دەکرد، کە سروتە کۆنەکانی لەگەڵ چاڵە تاریکەکانی ناو ئەو پەرتوکەدا تێکەڵ دەکرد، کە لە زریانە گەردوونیەکان ڕزگاری ببوو. ئەوان نەیاندەزانی کە کۆمیدیای ڕاستەقینە و گاڵتەجاڕیی گەردوونی بێسنووری پێشکەوتن بوون.

# سەید ڕەزای دەرسیم و ئەتاتورک.

سەید ڕەزای دەرسیم لەراپەرینی دەرسیم لەباکووری کوردستان لە 10-10-1937 لەگەڵ چەند هاوەڵ و کوڕێکیدا لەسێدارەدرا و لەهەمان زنجیرە ڕووداودا کەبە قەسابخانەکەی دەرسیم ناسراوە، دەیان هەزار کورد کوژران..

لە23-11-2011 ئاردۆگان سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەچاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنیدا لە ئەنقەرە، بەناوی دەوڵەتی تورکیاوە داوای لێبوردنی کرد لەسەر ئەنجامدانی ئەو تاوانە لەلایەن دەوڵەتەکەیەوە.. بەڵام دادگای ئیداری تورکیا ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئەو "هەڵسوکەوتانەی دەوڵەت" لەدەرسیم بە پاکتاو بزانێت چونکە بەشێوەیەکی مەنهەجی دژی نەتەوەیەک نەکراوە!..

وەرگیراوە



## مافوورێکی بەدەست چنراوی دێرین

مافوورێکی بەدەست چنراوی دێرینی کوردی، وێنەی پاڵەوانی کورد -ڕۆستەمی زاڵ-ی لەسەرە.
مێژووی فەرشەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم.

کوردیپیدیا



# مامۆستا هێمنی شاعر

مامۆستا هێمن-ی شاعری ناوداری کورد ناوی تەواوی محەممەدئەمین، کوڕی سەید حەسەنی شێخەلیسلامی موکرییە، دایکی ناوی زەینەب، کچی شێخی بورهانە هێمن لە شەوی 4 لەسەر 5 ی مانگی مەیی ساڵی 1921 لە گوندی لاچین-ی نزیک شاری مەهاباد لەدایکبووە. هەر بە منداڵی دەخرێتە بەر خوێندنو چەند ساڵ لە قوتابخانەی سەعادەت لە شاری مەهاباد دەخوێنێت. پاشان باوکی لە قوتابخانە دەریدەهێنێتو دەینێرێت بۆ خانەقای شێخی بورهان، بە مەبەستی ئەوەی کە لە دواڕۆژدا ببێتە مەلاو جێی مەلا جامی، باپیرە گە گەورەی، بگرێتەوە.

چوار ساڵ لە خانەقا دەخوێنێت، لەوێ چاو و گوێی دەکرێتەوە. لەگەڵ زۆر کەس دەبێتە دۆستو ئاشناو گەلێک کەسی ڕووناکبیرو تێکۆشەرو شاعیر دەناسێتو بە دیداریان شاد دەبێت. پاشان باوکی دەینێرێت بۆ گوندی کولیجەو لەوێ لای مامۆستا مەلا ئەحمەدی فەوزی درێژە بە خوێندن دەدات. ساڵ و نیوێکیش لای فەوزی دەخوێنێتو لەوەوە شارەزایی لە زمانو ئەدەبی کوردیدا پەیدا دەکاتو هەستی شاعیریی چەکەرە دەکات. فەوزی خۆشەویستیی نیشتمانو نەتەوە لە ناخیدا دەچێنێت.

ساڵی 1938 کە تەمەنی دەگاتە 17 ساڵی دەست لە خوێندن هەڵدەگرێتو دەگەڕێتەوە بۆ گوندی شیلاناوێ. بە ڕۆژ لەگەڵ باوکیدا بە کشتوکاڵ و شەوانیش خۆ بە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی فارسییەوە خەریک دەکات. وردەوردە هاتوچۆی مەهاباد دەکاتو لەگەڵ کۆمەڵە لاوێکی هوشیارو ئازادیخواز دەبێتە هاوڕێ. ئەو لاوانە کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردییان گیردەکەوێتو بۆ خوێندنەوە دەیاندەن بە هێمن-یش.

ساڵی 1941 لەپاڵ کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییدا دەست بە شیعرنووسین دەکاتو هێدی هێدی شیعرەکانی لە دەفتەرێکدا دەنووسێتەوە. بەڵام باوکی پێی خۆش نابێت کە کوڕەکەی بە شیعر نووسینەوە خەریکبێتو ببێتە شاعیر، بۆیە کاتێک دەفتەری شیعرەکانی هێمن-ی دەکەوێتە دەست، دەمودەست دەیسوتێنێتو لێی زویر دەبێتو سەرزەنشتی دەکات.

ڕۆژی پێنج شەممە، 1941/8/24 لە کێڵگەکەی خۆیان دەبێت لەپڕێکدا دوو فڕۆکە پەیدا دەبنو بەیاننامە فڕێدەدەنە خوارێ. کاتێک هێمن دانەیەکی لەو بەیاننامەیە دەستدەکەوێتو دەیخوێنێتەوە، دەبینێت بە زمانی کوردی نووسراوە. ئیدی لەخۆشییاندا شاگەشکە دەبێت. لە ناوەڕۆکی بەیاننامەکەوە ئەوەی بۆ ڕووندەبێتەوە کە فڕۆکەکان هی دەوڵەتی سۆڤییەت بوونو مەبەستیشیان لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیە ئەوەیە کە بە خەڵکی کوردستان ڕابگەیەنن لەشکری سوور هاتوەتە خاکی ئێرانەوەو وا بەرەو ناوچەکانی کوردستان بەڕێوەیەو با خەڵکی کوردستان بە هێزی داگیرکەریان نەزانن و وەک هێزێکی ڕزگارکەر پێشوازییان لێبکەن. ئیدی یەکێتی سۆڤێت ناوچەکانی سەرووی ئێرانو دەوڵەتی بریتانیاش ناوچەکانی خواروو و ناوەڕاستی ئێران دەخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە.

ڕۆژی یەکشەممە، 1942.08.16 دەستەیەك لە کەسە ڕووناکبیرو چالاکەکانی شاری مەهاباد کۆمەڵەی ' ژ. ک" (کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) دادەمەزرێننو حسێن فروهەر بە سەرۆکی کۆمەڵە هەڵدەبژێرن.

لەو ڕۆژانەدا هێمن لە تەورێز دەبێت. کاتێک بۆ مەهاباد دەگەڕێتەوە، لە ڕێگای مامۆستاعەبدولڕەحمان زەبیحی-یەوە و لەماڵی حسێن فروهەر پەیوەندیی بە کۆمەڵەی ژ. ک. ـەوە دەکاتو ناوی نهێنیی "هێمن" بۆخۆی هەڵدەبژێرێتو ژمارەی ئەندامێتیشی 55 دەبێت. لە کۆبوونەوەی ئاپریلی 1943دا کە لە بناری چیای خواپەرست سازدەدرێت، کۆمەڵەی ژ. ک. بڕیاردەدات کە ئۆرگانی خۆی بە ناوی نیشتمان دەربکات. هێمن وەک ئەندامێکی بەدیسپلین و وەک شاعیرێکی نیشتمانپەروەر لە دووەم ژمارەی گۆڤاری نیشتمان ـەوە هەتاکو دواژمارەی بە شیعرو وتار بەشدارییدەکات.

کاتێکیش لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژ. ک. حزبی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێنرێت، هێمن لە ڕیزەکانی ئەو حزبەدا تێکۆشانی خۆی درێژەپێدەدات. دواتریش لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کۆماری کوردستاندا وتارو شیعر دەنووسێتو ئەرکە حزبییەکانی خۆیشی ئەنجامدەدات. هەروەها لە بۆنە و کۆبوونەوەکاندا بەردەوام شیعر دەخوێنێتەوەو جۆشو خرۆش دەخاتە ئەو بۆنانەوە.




هێمن لە 1946.11.16دا لەگەڵ کچی خاڵی خۆی بە ناوی ئایشە زەماوەند دەکاتو خێزان پێکدێنێت. بەرهەمی ئەو هاوسەرییە کوڕێک دەبێتو ناوی دەنێن سەلاح. مانگێک دوای زەماوەندی هێمن، کۆماری کوردستان دەڕوخێت. بەوەش نائومێدی باڵ بەسەر خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی ژێرسایەی کۆماردا بەتایبەتی دەکێشێت.

ڕۆژی 1946.12.17 سوپای داگیرکەری ئێران دەگەڕێتەوە شاری مەهابادو شارو گوندە ئازادکراوەکانی دیکەو وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی دەست بە گرتنو ڕاوانی تێکۆشەرانو ڕوناکبیران دەکاتەوە. هێمن لەو دەمەدا خۆ دەگەیەنێتە لای خاڵی، شێخ محەممەدی کوڕی شێخی بورهان،و لە خانەقای شێخی بورهان دەمێنێتەوە. بەو جۆرە لە گرتنو زیندان ڕزگاری دەبێت. لە خانەقا تووشی نەخۆشی گرانەتا دەبێتو دوو مانگ لە جێدا دەکەوێت. دوایی تاڕادەیەک باش دەبێتو دەچێتەوە گوندەکەی خۆیانو لەنێو خێزانو کەسوکاریدا ماوەیەک دەگوزەرێنێت.

ڕۆژی 1947.03.31 لە کاتێکدا کە هێمن لە ماڵی خۆی خەریکی کتێب خوێندنەوە دەبێت، هەواڵ لە گوندەکەیاندا بڵاودەبێتەوە کە قازی محەممەدو سەدری براو محەممەد حسێن-ی ئامۆزای، لە مەهاباد لەسێدارە دراون. ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە کار لە ناخی هێمن دەکاتو ناسۆرێکی گەورە لە دڵیدا دروستدەکات. سێ ڕۆژ دواتر لە1947.04.03دا هێمن لەگەڵ کەسێکی هەژار و تێکۆشەری هاوڕێیدا بەرەو شارۆچکەی قەڵادزێ بەڕێدەکەون. کاتێک هێمن دەگاتە ناو قەڵادزێ، دەمودەست پۆلیس دەیگرێت. دوو کەس بەبێ ئەوەی هێمن بناسن بۆی تێدەکەونو لەچنگی پۆلیس ڕزگاریدەکەن.

یەکێک لەو دوو کەسانە مەلایەک دەبێت، هێمن دەباتە لای خۆیو ماوەیەک وانەی پێدەڵێتەوەو لای خۆی دەیپارێزێت. دوای ماوەیەک باروودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاڕادەیەک ئارام دەبێتەوە.

ئیتر هێمن-یش دەگەڕێتەوە بۆناو کەسوکاری خۆیو دەست بە کشتوکاڵو ئاژەڵداریی دەکاتەوە. لەو دەمەدا حزبی تودەی ئێران بە ئاشکرا خەبات دەکاتو گۆڤارو ڕۆژنامەی جۆراوجۆر بڵاودەکاتەوە. هێمن لەپاڵ ئیشوکاری ڕۆژانەیدا بە خوێندنەوەی ئەو چەشنە بڵاوکراوانەوە خۆی سەرگەرم دەکات. هاوکات دەستە لاوێک بە هاوکاریو ڕێنوێنیی حزبی تودەی ئێران، وردەوردە حیزبی دیموکراتی کوردستان زیندوودەکەنەوە. هێمنیش ئەوەندەی دەرفەتی دەبێت هاوکارو هاوبیری ئەو لاوانە دەبێتو پشتیوانیی خۆی بۆیان دوپات دەکاتەوە.

ڕۆژی 1949.02.04 حەمەڕەزا شا بەشداریی لە یادی دامەزراندنی دانشگای حقوق لە تاران دەکات. لە ناوەختێکدا لاوێک بە ناوی ناسر فەخرارایی شا دەداتە بەر گوللەو برینداری دەکات. هاوکات پاسەوانەکانی شا دەستڕێژ لەو لاوە دەکەن و بە سەختیی برینداری دەکەن و پاش چەند سەعات دەمرێت. هەر ئەو ڕۆژە بە ئاشکرا حزبی تودەی ئێران تاوانبار دەکرێت و شاڵاوی گرتن و ڕاوانی ڕابەران و ئەندامانی ئەو حزبە لە سەرتاسەری ئێراندا دەستپێدەکات. گرتن و زیندانیکردنی ڕووناکبیران و تێکۆشەران کوردستان-یش دەگرێتەوە. گەلێک کەس دەگیرێن و هەندێکیش دیسان ئاوارە دەبنەوە.

هێمن وەک سەدان مرۆڤی ئازادیخوازی کورد ماوەیەک خۆی دەشارێتەوە. لەو سەروەختەدا لە ئێراندا گرانی دادەکەوێت و ژیانی هەزارەها خێزان دەکەوێتە بەر هەڕەشەی لەبرسامردن. هێمن بە چاوی خۆی زۆر دیمەنی تراژیدی و دڵتەزێنی ئەو ڕۆژانە دەبینێت و ناسۆرێکی گەورە لە دڵیدا دروستدەکات. خۆی و کەسوکارەکەی ئەوەندەی لە توانایاندا دەبێت بەپیر ئەو خەڵکە برسییانەوە دەچن کە ڕوو لە گوندەکەیان دەکەن؛ فریایان دەکەون و تێریان دەکەن. ساڵی 1951 بزوتنەوەی خۆماڵیکردنی نەوتی ئێران بە ڕابەریی دکتۆر موسەدیق پەرەدەستێنێت و پەل بۆ گشت شار و شارۆچکەیەکی ئێران دەهاوێت.

لە 1952.07.22دا دکتۆر موسەدیق دەبێتە سەرۆک وەزیرانی ئێران و خەڵک پشتیوانیی خۆیان لە حکومەتەکەی دەردەبڕن. بەوەیش جێ بە شا و داروودەستەکەی لەق دەبێت. وردەوردە هەلومەرجێکی تارادەیەک ئازاد و دیموکرات لە ئێراندا جێگیر دەبێت. لە کوردستانیش هێدی هێدی چالاکیی سیاسی و ڕۆشنبیریی دەستپێدەکاتەوە لاوان و ڕووناکبیرانی کورد بە نهێنی و نیمچە ئاشکرا دەکەونە کارکردن.

هێمن هەمیشە لەگەڵ ئەو ڕووناکبیرو تێکۆشەرانە هاودەم و هاوبیر دەبێت. بەڵام ئەو لەوەدا لەگەڵیان ناکۆک دەبێت کە ئەوان بیر لەوە ناکەنەوە کە بە زمانی کوردی گۆڤار و ڕۆژنامەو بڵاوکراوە دەربکەن و لەو هەلومەرجەدا بە کارێکی گرنگی نازانن. هێمن ڕێنوێنییان دەکات و هانیاندەدات هەرچی زووە گۆڤارو ڕۆژنامە بە زمانی کوردی دەربکەن و لەنێو خەڵکی کوردستاندا بڵاویانبکەنەوە.

سەرەنجام دەستەیەک لەو لاوە تێکۆشەرانە بۆچوونەکەی هێمن دەسەلمێنن و بڕیاردەدەن کە دەست بە دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان بکەن. بەڵام بەر لەوەی کە ئەوان یەکەم هەنگاو بنێن، ڕۆژی 1953.08.19 کۆمەڵێک ئەفسەر بە پاڵپشتیی ئەمریکا و بریتانیا کودەتایەک لە دژی حکومەتی دوکتۆر موسەدیق بەڕیادەکەن و جارێکی دیکە حەمەڕەزا شا بۆسەر حوکم دەگێڕنەوە. بە گەڕانەوەی حکومەتی شا، گرتن و ڕاوانی ئازادیخوازان دەستپێدەکاتەوە. هێمن وەک سەدان لاوی تێکۆشەری کورد جارێکی دیکە خۆی دەشارێتەوە. پاشان هەر چۆنێک بێت دەچێتەوە نێو ماڵومنداڵی خۆی. بەڵام هەمیشە لەژێر چاودێریی پۆلیسدا دەبێت و گەلێک جار ئەمسەرو ئەوسەری پێدەکەن.

هەر لەو ساڵانەدا دوچاری نائومێدی و ڕەشبینیی دەبێت و ماوەی چەند ساڵ پێوەی دەتلێتەوە. ئەوەش وای لێدەکات کە هێز و توانای دەربڕین و شیعر نووسینی نەمێنێت و ژیانێکی گۆشەگیرانە بۆخۆی هەڵبژێرێت. ساڵانی 1967-1968 بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێدەنێتە قۆناغێکی نوێ و دەستەیەک لاوی شۆڕشگێڕ خەباتی سیاسی و چەکداریی پێکەوە گرێدەدەن و لەبەرامبەر لەشکری داگیرکەری دەوڵەتی شادا دەست بە شەڕی پارتیزانی دەکەن. لە هەندێک لەو شەڕ و پێکدادانانەدا چەند لاوێکی ئازا و ڕووناکبیر شەهید دەبن و تەرمەکانیان دەکەونە دەست ژاندارمەکانی ڕێژیمی شا و بەسەر جادەو شەقامەکاندا ڕایاندەکێشن و بێحورمەتییان پێدەکەن. ئەم چەشنە دیمەنە جەرگبڕانە لە چەند ناوچەو شوێنی کوردستان دوبارە دەبنەوەو لە سەرتاسەری کوردستاندا ڕق و بێزاریی خەڵک دەگاتە ئەوپەڕی. هێمن وەک هەر مرۆڤێکی ئازادیخوازی کورد بەو هەواڵانە خەم و پەژارە دایدەگرێت.

هاوکات کۆمەڵێک لاوی هۆشیار خۆ لە هێمن و گەلێک ڕووناکبیری دیکە نزیک دەکەنەوەو هێزو تین بە بەریاندا دەکەنەوەو بەرەو تێکۆشان هانیاندەدەنەوە. هێمن زوو دێتەوە سەر خۆ و لە جاران شێلگیرتر دەستبە تێکۆشان دەکاتەوە. سەرنجام ماڵومنداڵی خۆی جێدەهێڵێت و ڕوو لە چیاکانی کوردستان دەکات. ماوەیەک لەگەڵ "هەژار" پێکەوە دەژین. پاشان بڕیاردەدات کە لەنێو ڕیزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا درێژە بە تێکۆشانی خۆی بداتەوە.

کادیر و ئەندامانی ئەو حزبە بە سنگفراوانییەوە پێشوازیی لێدەکەن. لە مانگی حوزەیرانی 1969دا کۆنفرانسی دووەمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندێکی نزیک قەڵادزێ دەبەسترێت. هێمن یەکێک لە بەشدارانی ئەو کۆنفرانسە دەبێت و لەگەڵ چەند کەسی تێکۆشەری دیکەدا تێدەکۆشێت بۆ وەلانانی کێشە شەخسی و لاوەکییەکان و وەگەڕخستنەوەی حزبەکە.

هەر لەوێیشدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت. پاش چەند مانگ لە کارکردن و چالاکی، دەست بە دەرکردنەوەی ڕۆژنامەی "کوردستان" دەکەنەوەو لە کانوونی دووەمی 1970دا یەکەم ژمارەی دەردەکەن.

هەر لەو کاتەدا لە باشووری کوردستان-یش "یەکێتیی نووسەرانی کورد" دادەمەزرێت. هێمن وەک شاعیر و نووسەرێکی خاوەن هەڵوێست و کوردپەروەر بە ئەندام وەردەگیرێت و لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەو بۆنەکانی ئەو ڕێکخراوەدا هەڵدەسووڕێت و لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانیشیدا شیعر و وتاری ئەدەبی بڵاودەکاتەوە. ڕۆژانی 21 - 24 / 6 /1971 لە شاری کۆیە کۆنفرانسی سێیەمی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەبەسترێت.

لەو کۆنفرانسەدا هێمن بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و دەفتەری سیاسیی حیزبەکە هەڵدەبژێردرێت. هاوکات کۆمیتەی ڕاگەیاندنی حزب پێکدەهێنرێت کە هێمن یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی دەبێت. ساڵی 1973 هێمن دەبێتە ئەندامی "کۆڕی زانیاریی کورد" و چەند کاری بەنرخ ئەنجام دەدات کە یەکێکیان ساغکردنەوەی تێکستەکانی کتێبی "تحفه مظفریه" دەبێت کە کاتی خۆی ئۆسکارمان کۆیکردبۆوە. ڕۆژی 1973.09.22 کۆنگرەی سێیەمی حزبی دیموکرات لە شاری بەغداد دەبەسترێت.

سەرەتا هێمن وەک بەتەمەنترین ئەندامی بەشدار لەو کۆنگرەیەدا وتارێکی بەنرخ دەخوێنێتەوە. پاشتریش لە کاروبارەکانی کۆنگرەکەدا چالاکانە بەشداریی دەکات. لە کۆتایی کۆنگرەکەیشدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت. کۆتایی ساڵی 1973 دەست بە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی دەکات و بەشێکی لێدەخاتە سەر کاغەز. لە 1974.01.24دا لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی دەبێتەوە.

پاشان دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو شیعرەکانی دەخوێنێتەوەو لێکۆڵینەوەیەکی کورت و شایستە دەربارەی ناوەڕۆکی شیعرەکانی دەنووسێت. ئیتر هەموو ئەمانە پێکەوە لە هاوینی ساڵی 1974دا لە کتێبێکدا بە ناوی "تاریک و ڕوون" چاپدەکرێن و دەخرێنە بەردەستی خوێنەرانی کورد. کتێبی تاریک و ڕوون لەلایەن لاوان و ڕووناکبیرانەوە دەقۆزرێتەوەو وەک دیارییەکی بەنرخ دەیخوێننەوەو وتوویژی لەسەر دەکەن.

هاوکات چەند نووسەر و شاعیر بیروڕای خۆیان دەربارەی دەنووسن و مشتومڕێکی گەرم دەخوڵقێنێت. سەرەتای ساڵی 1978 جووڵانەوەی جەماوەریی دژ بە ڕێژیمی حەمەڕەزا شا لەنێو شارە گەورەکانی ئێراندا دەستپێدەکات و زۆر بە خێرایی سەرانسەری ئێران دەگرێتەوەو مەرگی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرییە نزیک دەبێتەوە. هێمن وەک هەر تێکۆشەرێکی کوردی ئاوارە، حەزی گەڕانەوە بۆنێو کەسوکارو خێزانی خۆی دەکەوێتە سەری.

هەر لەو دەمانەیشدا حزبی دیموکرات دەستە دەستە ئەندامەکانی خۆی ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکاتەوە. هەربۆیە هێمن-یش بڕیاری خۆی دەدات و لەگەڵ هاوڕێیەکیدا بەڕێدەکەون.ڕۆژی 1979.02.18 لە ئۆردوگای بەستەسێنی نزیک قەڵادزێ لە ماڵی دۆستێک دەمێننەوە. بۆ شەوەکەی بەرەو سەردەشت دەکەونەڕێ.

ڕۆژی 1979.02.20 دەگەنە سەردەشت و لەگەڵ پێشوازییەکی گەرمدا لە ماڵی چەند دۆست و ناسیاو دەمێننەوە. هاوکات تەلەفۆن بۆ مەهاباد دەکەن و هەواڵی گەڕانەوەی هێمن بە کەسوکاری و خەڵکی مەهاباد ڕادەگەیەنن.

ئەو هەواڵە خۆشە لەو دەمەدا زۆر بە خێرایی لەنێو خەڵکدا بڵاودەبێتەوە. دەستە دەستە لاوان و ڕووناکبیران و خەڵک خۆ سازدەدەن بۆ پێشوازیکردن لە هێمن. دەمودەست سەلاح-ی کوڕی لەگەڵ کۆمەڵێک خزمو دۆست بەرەو سەردەشت دەکەونەڕێ. سەرلەبەیانیی ڕۆژی 1979.02.21 هێمن لەگەڵ خزمو کەسەکانی و کۆمەڵێک لە خەڵکی سەردەشت بەرەو مەهاباد بەڕێدەکەوێت.

کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵک بە ئۆتومبێل دێن بەپیریەوەو دەیکەنە ڕۆژی شایی و ئاهەنگ. دەمەوعەسری ئەو ڕۆژە کاتێک کەژاوەی ئۆتومبێلەکان دەگەنە "تاقەدار"ی نزیک مەهاباد، تێکەڵ بە کۆڕی شیعرخوێندنەوەو شایی و هەڵپەڕکێ دەبن و هەموو بە چاوی پڕ لە فرمێسکی شادییەوە پێشوازیی لە هێمن دەکەن و بۆنێو مەهابادی دەبەنەوە. چەند ڕۆژ کۆمەڵ کۆمەڵ و دەستە دەستە خەڵک لە شارو شارۆچکەو دێهاتەکانی کوردستانەوە بۆ سەردانی هێمن بەرەو مەهاباد دەچن و بەردەوام ماڵی هێمن پڕ لە میوان و دۆستان دەبێت.

ئیدی لەو ساتەوە ماڵەکەی وەک بنکەیەکی ئەدەبیی لێدێت و دەبێتە جێی شیعرو باسی ئەدەبی و شوێنی بەیەکگەیشتنی ئەدیبان و ڕووناکبیران.

ڕۆژی 1980.02.19 لە شاری مەهاباد چوارەمین کۆنگرەی حزبی دیموکراتی دەبەسترێت.

هێمن لەو کۆنگرەیەدا بەشداریی دەکات. لە کۆتایی کۆنگرەکەدا بە ئەندامی کۆمیتەی ڕاگەیاندنی حزب هەڵدەبژێردرێت، زۆر نابات هێمن بڕیار دەدات کە خۆ لە کاری حزبایەتی بدزێتەوەو لە بواری ئەدەبو نووسیندا خزمەتی نەتەوەکەی بکات.بەدرێژایی ساڵانی 1879-1986 هێمن لە زۆربەی کۆڕو کۆبوونەوەهو بۆنەکاندا لە شارەکانی سنە، کرماشان، ورمێ و مەهاباد...دا چالاکانە بەشداریی دەکات و بە شیعرو وتاری جوان ئەو بۆنانە ڕازاوە دەکات.


سەرەتای ساڵی 1983 لەگەڵ چەند شاعیرو نووسەردا وتووێژ دەکات و پێیان دەڵێت با بە هەموومان هەوڵبدەین دەزگایەکی چاپەمەنی ساز بکەین و گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێبی کوردیی تیا چاپبکەین.هەر بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ چەندین کاربەدەستی حکومەتی ئێراندا قسەوباس دەکات و هەوڵدەدات کە ڕەزامەندیی ئەوان بەدەستبێنێت.

ئەم وتووێژو هەوڵانە درێژەدەکێشێن و حکومەتی ئێران بە بیانووی جۆراوجۆر داواکەیان ڕەتدەکاتەوە. بەڵام هێمن و هاوکارەکانی کۆڵنادەن تا سەرەنجام بە ئیمکاناتێکی کەمەوە بنکەیەک بە ناوی "ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی- ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەییووبی" لە ورمێ دادەمەزرێنن و گۆڤارێک بە ناوی سروە دەردەکەن.

هەتاکو هێمن خۆی لە ژیاندا دەبێت، چوار ژمارە لەو گۆڤارە دەردەکەن.

پاشتریش کەریمی قەیومی و چەند نووسەرو شاعیری دڵسۆز لەسەر دەرکردنی سروە بەردەوام دەبن. ئینجا دەست بە چاپکردنی هەندێک کتێب دەکەن و وردەوردە کارەکانیان گەشەپێدەدەن و بەنیاز دەبن زیاتریش گەورەو فراوانی بکەن. بەڵام لەگەرمەی کارکردنیاندا شەوی 18 لەسەر 1986.04.19 لە شاری ورمێ هێمن کۆچی دوایی دەکات. بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە 1986.04.19 تەرمەکەی بەرەو مەهاباد بەڕێدەکرێت. پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە مەراسیمێکی پڕشکۆداو لەنێو ئاپۆرەی جەماوەردا لە گۆڕستانی بوداق سوڵتان بەخاك دەسپێردرێت


**ساپتی قادرزادە**





## ماچی شیرین"

بە منداڵی لە لێوی ئاڵی تۆم ئەستاندووە ماچێ
بە پیریش لەززەتی ئەو ماچە شیرینەم لەبیر ناچێ
بە سەد دوکتور و دەرمان و پەرستار ناکرێ چارەی
کەسێک تیری مژۆڵی ئەو کچە کوردەی لە دڵ ڕاچێ
دەکا گیرۆدەتر پیرانی دڵتەڕ، ئەو کچە کوردەی
بچێتە مەکتەب و بسکی بە مۆدی تازە هەڵپاچێ
خەم و دەردی زەمانە پیری کردم، وشک و بێ زەوقم
کەشاعیر وشک وبێشۆر بوو لەناو خەڵکی دەبێ لاچێ
لە گۆشەی بێکەسیدا ئێستە وا دڵتەنگ و خەمبارم
نیە باکم ئەگەر ماڵم بە جارێکی بە قوڕدا چێ
بەشی کوردێکی زانا لەم وڵاتە مەینەت و دەردە
ئەوەی نەتویست بڵێ ڕەببی بە دەردی کوردی زانا چێ
لەناو بازاڕی ئەوڕۆکەی ئەدەبدا شیعری تۆ هێمن
وەکوو پووڵی چرووکە، هیچ ڕەواجێکی نیە، ناچێ

**هێمن موکریانی**



# هۆزێکی کورد لە نزیک شاری یەریڤان، ساڵی 1897



کۆمەڵیک وێنەی هۆزێکی کورد لە نزیک شاری یەریڤان، ساڵی 1897
شوێن: یەریڤان-ئەرمینیا
ساڵی گیرانی وێنەکە: 1897
کەسایەتییەکانی ناو وێنەکان: (کۆمەڵێک لە ئەندامانی هۆزێکی کورد لە شاری یەریڤانی پایتەختی وڵاتی ئەرمینیا)
ناوی وێنەگر: بارون جۆزف دی بای

کوردپیدیا









YADNAMA
یادنامە
بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتور ، زمان ، منداڵان ، یادەوەری پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لەخۆدەگرێت.
سەرنوسەر و خاوەنی ئیمتیاز: سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز)
دەستەی نوسەران
ڕەووف محەمەد ئالانی
بەختیار شارەزوری
https://www.facebook.com/groups/3114992011918760/?ref=share&mibextid=NSMWBT
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان




sarkawt_47@hotmail.com 0031615852703
Raufalanny3018@gmail.com 009647701553018
sharazwri@gmail.com 009647701961087